# بەشەکانی هاوبەشدانان بۆ خوای گەورە

[ كردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی : موحەمەد ئیبراهیم ئەلتویجری

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

٢٠١٠ - ١٤٣١

islamhouse.com

# ﴿ أقسام الشرك ﴾

« باللغة الكوردية »

إعداد : محمد بن إبراهيم التويجري

ترجمة: فريق القسم الكردي بموقع دار الإسلام

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# بەشەكانی هاوبەشدانان بۆ خوای گەورە

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە و میهرەبان درود ورەحمەتی فراوان بۆ سەرگیانی پاكی پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفى وئال وبەیت وهاوەڵ وشوینكەوتوانی هەتا هەتایە .

خۆشەویستان سڵاوتان لێ بێت جارێكی هاتینەوە خزمەتتان بۆ شیكردنەوە و باسكردنی بابەتێكی تر لەسەر گرنگترین بابەتەكان كە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە بیروباوەڕەكەمانەوە، ئەویش باسكردنی بەشەكانی هاوبەشدانانە بۆخوای گەورە، بە ئامانجی ئەوەی باش شارەزا بین لێی تاوەكو خۆمانی لێبپارێزین إن شاء الله .

هاوبەشدانانی بۆخوای گەورە دوو جۆرە:

١) هاوبەشدانانی گەورە. ٢) هاوبەشدانانی بچووك .

**یەكەم : هاوبەشدانانی گەورە ( الشرك الأكبر ) :** ئەو هاوبەشدانانەیە كە خاوەنەكەی ئەباتە دەرەوە لە بازنەی ئیسلام و تەواوی كاروكردەوەكانی پووچ وبەتاڵ دەكاتەوە، وە ئەگەر لەسەر ئەو حاڵەتە بمرێت وتەوبەی لێ نەكات – خوا پەنامان بدات – بە هەتا هەتایی دەمێنێتەوە لە ئاگری دۆزەخدا، مەبەست لە هاوبەشدانانی گەورەش ئەوەیە : كە عیبادەت و پەرستن هەر هەمووی یان هەندێكی كە تەنها مافی خوای گەورەیە لابدەیت بۆ كەسێكی تر غەیری پەروەردگار، وەك پاڕانەوە لەغەیری خودا، یان سەربڕینی ئاژەڵ ونەذر بڕیاردان بۆ جگە لەخوای گەورە وەك ئەوەی هەندێك لەخەڵكی ئەنجامی ئەدەن لەسەر گۆڕ، یان بۆ جینی و شەیتانەكان، وە یان پاڕانەوە بۆ شتێك كە غەیری خوای گەورە بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت جێ بەجێی بكات وەك دەوڵەمەندی و شیفادانی نەخۆشی، و داواكردنی پێداویستیەكان و باران بارین و منداڵ پێ بەخشین و چەندەها شتی تر ، وەك ئەوەی كەسانێكی نەزان وجاهل

ئەنجامی ئەدەن لەسەر گۆڕی هەندێك لە پیاوچاكان و ئەولیاكان، یان لای هەندێك بت و صەنەم و درەخت ودار وبەرد و هتـــد ....

## جۆرەكانی هاوبەشدانانی گەورە :

**١)** هاوبەشدانان لە ترس و خەوفدا : ترسان لەغەیری خودا جا بتێك بێت یا ن زاڵم وستەمكارێك بێت یان جنۆكە و شەیاتین بێت، بەترسێك كە ئەو ترسە تەنها بۆ خوای گەورە بێت. وەك ئەوەی بترسیت لەوەی كە غەیری خودا بتوانێت ڕزق ورۆزیت ببرێت، یا ن كاتی ئەجەل ومردنت بهێنێت، یان بترسیت لەوەی غەیری خودا بتوانێت زیانێكت پێ بگەیەنێت، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی ترس و خەوف بەشێكە لە بوونەیەتی مرۆڤ و كەس ناتوانێت ئینكاری ئەوە بكات كە ناترسێت لەهیچ شتێك، بەڵام نابێت ئەو ترسە بگاتە ئاستێك زیانی بۆ بیروباوەڕی ئادەمیزاد هەبێت وەك ئەوەی باسمان كرد، خوای گەورە قەدەغەی كردوە كە مرۆڤی باوەڕدار لەغەیری زاتی هەق تەعالای ئەو برتسێت، وەك فەرموویەتی : ( إِنَّمَا ذَلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءَهُ فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ ) { آل عمران : ١٧٥ } واتە : ئەوە بەڕاستی تەنها شەیتانە یاوەرەكانی خۆی دەترسێنێت، ئێوەی (ئیماندار) لێیان مەترسن، بەڵكو هەر لە من بترسن ئەگەر ئیماندارن (بێگومان ترسان لە خوا ئاسوودەیی و ئارامیی دەبەخشێت بە ئیماندار).

**٢)** هاوبەشدانان لە پشت وپەنا پێ بەستندا : پشت وپەنا پێ بەستن بەخوای گەورە لەهەموو كار وكردەوەیەكدا لەگەورەترین وپیرۆزترین پەرستنەكانە كەپێویستە تەنها وتەنها بۆ پەروەردگار بێت، جا هەركەس پشت و پەنا و تەوكل بەكەسێك ببەستێت لە شتێكدا كە غەیری خودا دەسەڵاتی نیە بەسەریدا، وەك پشت وپەنا بەستن بەكەسانی مردوو یان غائب وئامادە نەبوو لە لادان و دوورخستنەوەی زیان و ناخۆشیەكان لەسەر مرۆڤ، یان پشت پێ بەستنیان لە بەدەستهێنانی ڕزق ورۆزی وسوود و هێنانی خۆشی و ئاسوودەیی، هەركەس باوەڕی وا بێت بێگومان ئەوە شەریك و هاوبەشی بۆ خودا بڕیار داوە، لــەم بارەیەشـــەوە پەروەردگار دەفـەرموێت :

( وَعَلَى اللَّهِ فَتَوَكَّلُوا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ ) { المائدة : ٢٣ } واته : بۆ سەرکەوتنیش تەنها پشت بەخوا ببەستن، ئەگەر ئێوە پڕوای ڕاستەقینەتان هەیە .

**٣)** شیرك وهاوبەشدانان بۆ خوا لە مەحبەت و خۆشەویستدا : خۆشەویستی بۆ پەروەردگار دەبێت لە لووتکە ولەوپەڕی کەمال وگەردنکەچی وگوێڕایەڵدا بێت بەشێوەیەك ئەو خۆشەویستیەت تایبەت بێت بەپەروەردگار و هیچ کەس نەکەیت بەهاوەڵی لەگەڵیدا، جا هەرکەسێك هەرشتێك و هەرکەسێکی تری غەیری خودا وەك ئەو خۆش بووێت بێگومان ئەوە با بازانێت کە هاوەڵ و هاوبەشی بۆ پەروەردگار داناوە، وەك لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە : ( وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَتَّخِذُ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَنْدَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِلَّهِ ... ) { البقرة : ١٦٥ } واته : هەندێ لەم خەڵکە هەیە لەگەڵ ئەوەشدا تێنافکرێ تاخوا بەتەنها بپەرستێ ، هێشتا چەند هاوتاو چەند هاوبەشێکی بۆ دادەنێت، خۆشیان دەوێن وەك خۆشەویستی خودا، واته : هێندەی خۆشەویستی خودا بگرە زیاتریش بت وبەرنامەکانیان خۆش دەوێت، ئەوانەش باوەڕیان هێناوە، خوایان لەهەموو شتێك زیاتر خۆش دەوێت .

**٤)** شیرك وهاوبەشدانان لەطاعەت وگوێڕایەڵیدا : ئەمەش بەو مانایە طاعەت وگوێڕایەڵی کردنی کەسێکی غەیری خودا لە حەڵاڵکردنی حەرامکراوەکاندا یان حەرامکردنی حەڵاڵکراوەکاندا، جا هەرکەسێك ئەم گوێڕایەڵیەی بۆ کەسێك یان سەرکردەیەك یان لێپرسراوێك یان حاکمێك بێت، وە یان مافی تەشریع دانان و یاسادانیان پێ بدەن ئەوە شەریکی گەورەی بۆ خوای باڵادەست بڕیارداوە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ( اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا إِلَهًا وَاحِدًا لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ ) { التوبة : ٣١ } واته : ( گاورو جوولەکە ) حاخام وقەشەکانی خۆیان کردۆتە پەروەردگاری خۆیان لە جیاتی خوا (ملکەچ و فەرمانبەرداریانن، ئەوانیش بەئارەزووی خۆیان شتیان بۆ حەڵاڵ یان حەرام دەکەن) هەروەها مەسیحی کوری مەریەمیش (بەکوری خوا دەزانن) لەکاتێکدا کە فەرمانیان پێنەدراوە جگە لە پەرستنی تاکە خوایەک، بێگومان جگە لەوزاتە خوایەکی تر

نیه، پاکی و بێگەردی و ستایش بۆ ئەو زاتەیە، کە (ئەو نەفامانە) هاوەڵی بۆ پڕیار دەدەن. عەدی کوڕی حاتەم کاتێك گوێ بیستی ئەم ئایەتە بوو ووتی بە پێغەمبەری خودا : یارسول الله ئەوان قەشە و پیاوە گەورەکانی خۆیان نەدەپەرست ، پێغەمبەریش ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : ئایا حەڵاڵیان بۆ حەرام ناکەن و حەرامیشیان بۆ حەڵاڵ ناکەن؟ ئەویش ووتی : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا ، پێغەمبەریش ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : ئا ئەوە عیبادەت و پەرستنیانە .

**دووەم : شیرك و هاوبەشدانانی بچووك :** مەبەست لەو جۆرە شیرك وهاوبەشدانانەیە کە خوا و پێغەمبەرەکەی ( صلی الله علیه وسلم ) بە شیرك وهاوبەشدانان ناویان بردوە بەڵام ناگەنە ئاستی شیرکی گەورە، بەو مانایە یەکتاپەرستی وتوحیدەکەی نوقصانە لەگەڵ ئەوەدا ناگاتە ڕادەی ئەوەی خاوەنەکەی بباتە دەرەوە لە بازنەی ئیسلام، بەڵام وەسیلەو هۆکارێکە بۆ کەوتنە ناوە شیرکی گەورەوە، حوکمی خاوەنەکەشی ئەوەیە بە سەرپێچیکەرێکی ناو پەکتاپەرستان ناوزەد دەکرێت وماڵ و سامان و خوێنی حەڵا نەکراوە، بەپێچەوانەی شیرکی گەورەوە کە خوێن و ماڵ و سامانی خاوەنکەی حەڵاڵ دەکات بۆ باوەڕداران، شیرکی گەورە تەواوی کار وکردەوەی خاوەنەکەی پوچ وبەتاڵ دەکاتەوە، بەڵام شیرکی بچووك تەنها ئەو کار کردەوانە پوچ دەکاتەوە کە دەبێتە هۆی هاوبەشدانانی بچووك، وەك :

١) ئەوەی کارێکی خێر بکات بەڵام مەبەستی ئەوە بێت کە خەڵکی سوپاس و ستایشی بکەن، وەك ئەو کەسەی نوێژێکی ڕیك و پێك ئەکات یان پارەیەك ئەکات بەخێر یان ڕۆژوو دەگرێت یان ذیکر ویادی خوا دەکات بۆ ئەوەی خەڵێ ببینن و پێ بڵین بەڕاستی کەسێکی لە خواترسە، ئەمەش بەڕیا و ڕوپامایی ناودەبرێت و هەرکاتێك تێکەڵاو بەکارێکی خێر بوو ئەوە ئەو کارە خێرە بەتاڵ دەکاتەوە خوای گەورە لێی وەرناگرێت ودەیدات بەدواوە، ئەوەش بزانە هەرکاتێك لە قورئانی پیرۆزدا دەستەواژەی و ووشەی ( شرك ) هاتبێت ئەوە خوای گەورە مەبەستی شیرك و هاوبەشدانانی گەورەیە، بەڵام هاوبەشدانانی بچووك ( الشرك الأصغر ) لە سوننەت و فەرموودەکانی پێغەمبەری خوادا ئاماژەی پێکراوە : عن أبي هريرة ( رضي الله عنه ) قال : قال رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) : " قَالَ اللهُ تَبَارَكَ وَتَعَالى : أَنَا أَغنَى الشُرَكاءِ عَنِ الشِرك، مَنْ عَمِلَ

عَمَلاً أَشْرَكَ فِيهِ مَعِي غَيْرِي تَرَكْتُهُ وَشِرْكَهُ " { أخرجه مسلم ) واته : پێغەمبەری خوا ( صلى

الله عليه وسلم ) فەرمووی : خوا گەورە دەفەرموێت – واتە لەفەرموودەیەکی قودسیدا – من زۆر بێنازم لە شیرکی ئەو کەسانەی کە شەریك پڕیاردەدەن، جا هەرکەسێك کارێکی خێر بکات و غەیری من بکات بە هاوبەش لەگەڵدام ئەوە من ئەو کەسە وکارەو کردەوەکەشی واز لێ دەهێنم – واتە لێی وەرناگرم و دەیدەم بەدواوە _ .

٢)جۆرێکی تر لەهاوبەشدانانی بچووك سوێند خواردنە بەغەیری خوای گەورە، یان کەسێك بڵێت بەکەسێك : ( ماشاء الله وشئت ) ئەگەر خوا و تۆ بتانەوێت، یان ئەگەر خوا و فڵان کەس نەبونایە ( لولا الله وفلان ) یان ئەمە لەخوا و فڵان کەسەوەیە ( هذا من الله وفلان ) یان من تەنها خوا و فڵان کەس شك ئەبەم ( مالي إلا الله وفلان ) جا پێویستە مرۆڤی باوەڕدار زۆر ئاگاداری گوفتار و قسەی بێت وشتێك نەڵێت بۆنی شیرك وهاوبەشدانانی لێ بێت ، بەڵکو لەم کاتانەدا بەو شێوەیە بووترێت : ئەگەر خوای گەروە و پاشان قڵان کەس بیانەوێت ئەویش ئەگەر ئەو کەسە مردوو نەبێت چونکە ئەگەر مردوو بوو ئەوا بەهیچ شێوەیەك دروست نیە ناوی بهێنرێت لەگەڵ خوادا، بۆ نمونە ئەگەر کەسێك کاری کەوتبوە کەسێك ئەو کارەش لەسەر ئیمزای یان لەسەر پڕیاری ئەو مابویەوە ئەوە پێویستە بوترێت ك ئەگەر خوای گەورە و پاشان فڵان کەس بیەوێت، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو کەسە تەنها هۆکارێکە لەبەر ئەوە دروستە بوترێت ( لو شاء الله ثم شاء فلان ) خۆ ئەگەر وەك ووتمان کارێکت کەوتبوە کەسێك بەڵام لەم کارەتدا پشتت بە کەسێکی مردوو بەست یان ئومێد و هیوات ئەو کەسە مردووە بوو بۆ ئەنجامدانی کارەکەت وەك : ئەوەی بڵێیت ئەگەر خوای گەورە وپاشان شێخ عبد القادری گەیلانی بیانەوێت یان خوای گەورە وپاشان فڵان پیاو چا ك یان ولی نەبونایە نەدەکرا، ئەمە بەهیچ شێویەك دروست نیە و بەشێکە لەهاوبەشدانانی گەورە بۆ خوا چونکە پشت وپەنا بەستن بەغەیری خودا وەك ووتمان شیرکی گەورەیە .

لەبارەی سوێند خواردن بەغەیری خودا هاتووە : عن إبن عمر ( رضي الله عنهما )

قال : سَمِعْتُ رَسولَ الله ( صلى الله عليه وسلم ) يقول : " مَنْ حَلَفَ بِغيرِ اللهِ فَقدْ كَفَرَ

أو أشْرِكَ " { أخرجهُ أبو داود والترمذي } واتە : هەرکەس سوێند بخوا بەغەیری خودا

ئەوە بێگومان بێ باوەڕ بووە یان هاوبەشی داناوە بۆ خودا .

وعَنْ حذيفةَ ( رضي الله عنه ) عن النبي ( صلى الله عليه وسلم ) قالَ : " لا تَقُولُوا مَاشَاءَ اللهُ وَشَاءَ فُلَانٌ، وَلكِنْ قُولَوا مَاشَاءَ اللهُ ثمَّ مَا شَاءَ فلَانٌ " { أخرجهُ أحمد أبو داود} واته :

نەڵێن : ئەگەر خوا وفڵان کەس وویستیان، بەڵکو بڵێن ئەگەر خوای گەورە ویستی پاشان فڵان کەس وویستی .

# خواپەرستن

[ کردي – کوردی – kurdish ]

موحەممەد ئیبراهیم ئەلتویجری
سەرچاوەی بابەت: مختصر الفقه الإسلامي

**وەرگێرانی:** ئیحسان بورهان الدین

**پێداچونەوەی :** پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ العبادة ﴾

« باللغة الكردية »

محمد بن إبراهيم التويجري

مصدر: كتاب مختصر الفقه الإسلامي

ترجمة: إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

20١1 – 1432

IslamHouse.com

# خواپەرستن

*** واتای خوا پەرستن:** ئەو کەسەی کە شایانی پەرستنە تەنها خوای گەورەیە، عیبادەتیش بە دوو شت دەوترێت:

١- (التعبد):واتە:ملکەچی بۆ خوای گەورە بە ئەنجامدانی فەرمانەکانی وخۆپاراستن لە قەدەغەکراوەکانی،لەڕووی خۆشەویستی و مەزنڕاگرتنیەوە.

٢- (المتعبد بە): واتە: هەموو شتێك کە خوای گەورە پێی خۆش بێت و پێی ڕازی بێت لە گوفتار و کرداری دیار و شاراوە وەکو پاڕانەوە و یاد کردنی خوا و نوێژ و خۆشەویستی و شتی لەو جۆرە، بۆنمونە نوێژ خواپەرستنە و ئەنجامدانی عیبادەتە بۆ خوا، ئێمە پێویستە خوای گەورە بپەرستین بەوەی کە ملکەچی بۆ بنوێنین لەڕووی خۆشەویستی و مەزنڕاگرتنەوە تەنها بەشێوازێکیش بیپەرستین کە خۆی پێی ڕازیە.

- **حیکمەت لە درووستکردنی جنۆکە و مرۆڤەکاندا:**

خوای گەورە هەر بە خۆڕایی ئەو دوو کۆمەڵەی درووست نەکردووە، درووستی نەکردوون تەنها بۆ خواردن و خواردنەوە و یاریکردن و پێکەنین، بەڵکو درووستی کردوون لە پێناو مەبەستێکی مەزندا ئەویش ئەوەیە خوای گەورە بپەرستن و یەکتاپەرستی ئەنجام بدەن و بە مەزن و گەورە ڕاییبگرن و گوێڕایەڵی بکەن بەوەی فەرمانەکانی بەجێبهێنن و خۆیان لە قەدەغەکراوەکانی بپارێزن و لەئاستی سنوورەکانی ڕاوەستن و کەسی تر جگە لەو نەپەرستن، وەکو خوای گەورە فەرموویەتی: { وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ } الذاريات/٥٦ ، جا ئەگەر ئەو کارەیان ئەنجام دا، لە دونیا و قیامەتدا خۆشبەخت دەبن و سەرفراز دەبن بە چوونە بەهەشت و نزیك بوونەوەیان لە پەروەردگاریان، وەکو فەرموویەتی: { إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَنَهَرٍ (٥٤) فِي مَقْعَدِ صِدْقٍ عِنْدَ مَلِيكٍ مُقْتَدِرٍ }القمر/٥٤-٥٥ .

## • حیکمەت لە خواپەرستن چیە؟

حیکمەت لەوە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوای گەورە و خۆپارستنە لە قەدەغەکراوەکانی کە ئەوەش لەسەر باوەڕبوون بەخوای گەورە و بیرکردنەوە لە مەزنیی خوای پەروەردگار بونیات نراوە، ئەوەش بەزۆر یادکردنی خوای گەورە بەدەست دێت و بۆ ئەو مەبەستەش خوای گەورە عیبادەتی وەکو شەریعەتێك دیاری کردووە بۆ بیر خستنەوە و دووبارە بوونەوە و کردارێکی هەمیشە بەردەوام و نوێ،جا ئەگەر ئیمان بەرز بێتەوە و بەهێزبێت کردەوەش زیاد دەکات و تۆکمە دەبێت و خاوەنەکەشی سەرفراز دەبێت بەسەربەرزی دونیا و قیامەت، پێچەوانەشی بەهەمان شێوە.

١- خوای گەورە دەفەرموێت: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آَمَنُوا اذْكُرُوا اللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا (٤١) وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا} الأحزاب/٤١-٤٢ .

٢- هەروەها دەفەرموێت: {وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَى آَمَنُوا وَاتَّقَوْا لَفَتَحْنَا عَلَيْهِمْ بَرَكَاتٍ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ وَلَكِنْ كَذَّبُوا فَأَخَذْنَاهُمْ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ} الأعراف/٩٦ .

## • ڕێگای بەندایەتی کامەیە؟

بەندایەتی کردن بۆ خوای گەورە بونیات نراوە لەسەر دوو بنچینەی گەورە:

خۆشەویستی تەواو بۆ خوای گەورە و، لەهەمان کاتدا ملکەچیەکی تەواو بۆ ئەو خوایە، ئەم دوو بنچینەیە لەسەر دوو بنچینەی گەورەتر دامەزراون کە بریتین لە: بینینی منەت و فەزڵ و چاکە و سۆز و بەزەیی خوای گەورە کە دەبێتە مایەی خۆشەویستی، هەروەها تێڕوانین بۆ کەموکوریەکانی نەفس و کردەوە کە دەبێتە مایەی ملکەچی تەواو بۆ خوا.

نزیکترین دەرگاش بەندە لێیەوە بچێتە ژوورەوە بۆ لای پەروەردگاری دەرگای هەژاری و دەربڕینی پێویستی یە، پێویستە وا تەماشای خۆی بکات کە موفلیسە و بێ حاڵە و بێ جێگە و بێ ڕێگەیە و هیچ هۆکارێك نیە خۆی پێ هەڵواسێت، بەڵکو ئەوپەڕی پێویستی خۆی بۆ پەروەردگاری دەربڕێت، کە ئەگەر ئەو پەروەردگارەی وازی لێ بهێنێت خەسارۆمەند دەبێت و تیادەچێت.

١- خوای گەورە دەفەرموێت: {وَمَا بِكُمْ مِنْ نِعْمَةٍ فَمِنَ اللَّهِ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فَإِلَيْهِ تَجْأَرُونَ} النحل/٥٣ .

٢- هەروەها دەفەرموێت: { يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَنْتُمُ الْفُقَرَاءُ إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ } فاطر/١٥ .

- خاوەنی باشترین خواپەرستن کێ یە؟

چاکترین کەسانێك خوای خۆیان پەرستبێت پێغەمبەرانن و ڕەوانەکراوانی لای خوای گەورەن، چونکە ئەوان لەهەموو کە سێك باشتر خوا ئەپەرستن و زانستیان دەربارەی هەیە و لەهەموو کەسێك زیاتر بە مەزنی ڕادەگرن، ئینجا خوای گەورە فەزڵی زۆری بەسەردا داون بەوەی کە ناردوونی بۆلای خەڵکی و بەوشێوەش بوونە خاوەن فەزڵی پێغەمبەرایەتیش جگەلە فەزڵی بەندایەتی تایبەتیش.

لەپاش ئەوان ڕاستگۆیان دێن کە بە کامڵترین شێوە باوەڕیان هێناوە بە خوا و پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت و لەسەر ڕێبازەکەشی بە ڕاستی و درووستی ڕێ دەکەن.

لەپاش ئەوانیش شەهیدان دێن، ئینجا پیاوچاکان، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: {وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَأُولَئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ مِنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاءِ وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَئِكَ رَفِيقًا } النساء/٦٩ .

- **مافی خوا چیە لەسەر بەندەکانی؟**

مافی خوای گەورە لەسەر خەڵکی ئاسمانەکان و زەوی ئەوەیە بیپەرستن و هیچ هاوەڵێکی بۆ بڕیارنەدەن، هەروەها مافی ئەوەیە گوێڕایەڵی بکرێت و سەرپێچی لە فەرمانەکانی نەکرێت و، یاد بکرێتەوە فەرامۆش نەکرێت و، سوپاس و ستایش بکرێت و بێباوەڕی بەرانبەر نەکرێت و، کەسیش نیە شتێکی نەکردبێت پێچەوانەی ئەوە کە داوای لێکردووە چی لەڕووی نەتوانین بێت یان نەفامی یان کەمتەرخەمی و هەر هۆکارێکی تر بێت.

بۆیە ئەگەر خوای گەورە سزای خەڵکی ئاسمانەکان و زەوری بدایە سزای دەدان و هیچ ستەمێکیشی لێنەکردوون بەو سزایە، ئەگەر سۆز و بەزەیش بنوێنێت بۆیان ئەوە بۆیان چاکترە لە کردەوەکانیان.

لە (معاذ بن جبل)ەوە ڕەزای خوای لێبێت فەرموویەتی: لە پشت پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت لەسەر ئەو گوێدرێژەی کە عوفەیری پێ دەوترا سواربووم و فەرمووی: "يا معاذ ! تدري ما حق الله على العباد وما حق العباد على الله ؟ " قال قلت

الله ورسوله أعلم . قال : " فإن حق الله على العباد أن يعبدوا الله ولا يشركوا به شيئا . وحق العباد على الله عز وجل أن لا يعذب من لا يشرك به شيئا " قال قلت : يا رسول الله ! أفلا أبشر الناس ؟ قال : " لا تبشرهم فيتكلوا. " متفق عليه.

واته: ئەی موعاز دەزانی مافی خوا لەسەر بەندەكانی چی یەو مافی بەندەكانیش لەسەر خوا چی یە؟ دەڵێ: وتم: خوا و پێغەمبەرەكەی بەوە زاناترن، فەرمووی: مافی خوا لەسەر بەندەكانی ئەوەیە بیپەرستن و هیچ هاوەڵێكی بۆ بڕیار نەدەن، مافی بەندەكانیش لەسەر خوای گەورە ئەوەیە كەسێك سزا نەدات كە هاوەڵی بۆ بڕیار نەدابێت، دەڵێ: وتم ئەی پێغەمبەری خوا ئەیا ئەم موژدەیە بە خەڵكی نەدەم؟ فەرمووی: نەخێر با پشتی پێ نەبەستن!

- **تەواوترین بەندایەتی:**

١- هەموو بەندەیەك لەنێوان سێ شتدایە: نیعمەتەكانی خوا كە بەدوای یەكدا دەڕژێنە سەری، ئەوە پێوستیە سوپاس و ستایشی خوای لەسەر بكات، هەروەها ئەو گوناهەی كە ئەنجامی داوە، ئەوەیش پێویستە داوای لێخۆشبوون لەخوا بكات لەسەری، هەروەها ئەو كارەسات و ناخۆشیانەی كە خوای گەورە بۆ تاقیكردنەوە دەیانداتە سەریدا ئەوەش پێویستە لەسەری ئارام بگرێت، هەركێ بەم سێ ئەركانە هەڵسێت خۆشحاڵی دونیا و دواڕۆژە.

٢- خوای گەورە بەندەكانی تووشی بەڵا و ناڕەحەتی دەكات بۆئەوەی ئارام گرتن و بەندایەتیان تاقی بكاتەوە ، نەك بۆئەوەی لەناویان بدات و سزایان بدات، مافی خواش لەسەر بەندەكانی ئەوەیە لەكاتی خۆشی و ناخۆشیدا بەندایەتی بكات، خوای گەورە مافی مافی بەندایەتی لەسەر بەندەكانی هەیە لەهەندێ شتدا كە پێیان خۆشە و، زۆربەی خەڵكیش لەو بوارەدا بەندایەتی ئەنجام دەدەن، لەوەش گرنگتر ئەوەیە بەندایەتی لەناخۆشیدا ئەنجام بدرێت، خەڵكی لەو بوارەدا جیاوازیان لەنێواندایە، بۆنمونە دەستنوێژگرتن بەئاوی سارد لەكاتی گەرمادا بەندایەتی یە، مارەپرینی ئافرەتێكی جوان بەندایەتی یە، دەستنوێژگرتنیش بەئاوی سارد لەكاتی سەرمادا هەر بەندایەتی یە و، وازهێنان لەو تاوانانەی كە نەفس حەزی لێدەكات بەبێ ئەوەی ترسی خەڵكیت هەبێت ئەویش هەر بەندایەتی یە، ئارام گرتن لەسەر برسێتی و ئازار بەندایەتی یە، بەڵام جیاوازی هەیە لەنێوان ئەم جۆرانە لە بەندایەتی.

هەركەسێك لەخۆشی و ناخۆشی هەڵسێت بەئەنجامدانی بەندایەتی ئەو كەسە لەو بەندانەی خوای گەورەیە كە هیچ ترس و پەژارەیەكی تووش نابێت، دوژمنیش هیچ

دەسەڵاتێکی بەسەریدا نابێت، چونکە خوای گەورە دەیپارێزێت، بەڵام لەوانەیە شەیتان جاروبار زیانی پێ بگەیەنێت، چونکە بەندە بەبێ ئاگایی و حەز و ئارەزوو تاقی دەکرێتەوە، زۆرجاریش شەیتان لەم سێ دەرگاوە دەچێتە لای بەندەکان، خوای گەورەش نەفس و ئارەزوو و شەیتانی زاڵ کردووە بەسەر هەموو بەندەیەکدا و تاقی دەکاتەوە ئایا گوێڕایەڵی ئەوان دەکات یان گوێڕایەڵی پەروەردگاری دەکات.

خوای پەروەردگار هەندێك فەرمانی هەیە بەسەر بەندەکانیدا، هەروەها داواکاریشە لێیان ئیمان و کردەوە چاکەکانیان بەجوانی تەواو بکەن، بەڵام نەفس خوازیاری تەواوکردن و بەدەست هێنانی حەز و ئارەزوو و ماڵە، خوای گەورە داوامان لێ دەکات کار بۆ دواڕۆژ بکەین و نەفسیش دەیەوێت کار بۆ دونیا بکەین، ئیمانیش ڕێگەی ڕزگاربوون و چرای بەرچاو ڕوونکەرەوەیە کە هەقی پێ بەدی دەکرێت تاقیکردنەوەش ئالێرەدایە.

١- خوای گەورە دەفەرموێت: { أَحَسِبَ النَّاسُ أَنْ يُتْرَكُوا أَنْ يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ (٢) وَلَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُوا وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ } العنكبوت ٢-٣ .

٢- هەروەها فەرموویەتی: { وَمَا أُبَرِّئُ نَفْسِي إِنَّ النَّفْسَ لَأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّي إِنَّ رَبِّي غَفُورٌ رَحِيمٌ } یوسف/٥٣ .

- **تێگەیشتن لە بەندایەتی:**

وەکو چۆن زەوی هەرچی شتێکی شیرین و تاڵی تێدا بچێنریت دەیڕوێنێت و سەوزی دەکات، بۆیە هەرکێ داری ئیمان و لەخوا ترسانی تێدا بچێنێ هەتاهەتایە بەرووبوومی شیرینی لێ دەدوورێتەوە، هەرکێیش داری کوفر و نەفامی تێدا بچێنێت هەتاهەتایە بەرووبوومی تاڵ و بەدبەختی لێ دەدوورێتەوە، مەزنترین زانیاریش ئەوەیە پەروەردگارت بناسیت و بزانیت مافەکانی چیە لەسەرت، پێویستە لەسەرت دان بەنەفامی خۆتدا بنەیت لە زانست و کەمتەرخەمی لە کردەوە و کەم و کوڕی لەنەفس و سستی لەگێڕانەوەی مافەکانی خوا... ئەمەیە سیفەتی کەسێك کە پەروەردگاری بناسێت، ئەگەر چاکەیەك ئەنجام بدات بە منەتی خوای گەورەی بزانێت بەسەر خۆیەوە، ئەگەر لێی وەرگرێت ئەوە منەتێکی ترە، ئەگەر چاکەکەی بۆ چەند بەرانبەر بکاتەوە ئەوە منەتێکی ترە، ئەگەریش ڕەتی بکاتەوە و وەری نەگرێت ئەوە بەهۆی نەشیاوی کردەوەکەوەیە، ئەگەر کردەوەیەکی خراپی ئەنجام دا وابزانێت ئەوە بەهۆی وازهێنانی پەروەردگاری بووە لێی، ئەگەریش خوای گەورە بەهۆی ئەو گوناهەوە سزایدا

بزانێت کە ئەوە لە ئەوپەڕی دادگەری خوای گەورەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەگەریش سزای نەدا ئەوە فەزڵی خوای گەورەیە، ئەگەریش لێی خۆش بێت ئەوە لە تەواوی چاکە و منەتی خوای گەورەیە، هەرچیش لەئاسمان و زەوی دان بەندەن بۆ خوای گەورە.

هەموو مرۆڤێکیش پێویستە لەسەری دان بە بەندایەتی خۆیدا بنێت بۆ خوای گەورە، تۆ بەندەی خوای پەروەردگاری، چونکە ئەو پەروەردگارتە و خاوەنتە و هەڵسوڕێنەری کاروبارتە، ئەگەر بیەوێت ماڵت پێ دەبەخشێت و بیەوێت لێت قەدەغە دەکات، بیەوێت دەوڵەمەندت دەکات و بیەوێت هەژارت دەکات، بیەوێت ڕێنوێنیت دەکات و بیەوێت گومڕات دەکات.

ئەوەی بیەوێت لەگەڵتدا ئەنجامی دەدات و بەپێی حیکمەت و ڕەحمەتی خۆی.

هەروەها تۆ بەندەی ئەویت و پێویستە بەوشێوەیە بیپەرستیت کە لەگەڵ شەرعەکەی ئەگونجێت، فەرمانەکانی بەجێ بهێنێت و لە قەدەغەکراوەکانی خۆت بپارێزیت و باوەڕی پێ بهێنێت بۆئەوەی خۆشبەختی دونیا و دواڕۆژ بێت.

هەموو دروستکراوەکانیش هەژارن بۆ لای خوای گەورە، هەژارێکەشیان دەبێتە دوو بەشەوە:

١- هەژارییەکی ناچاری، کە هەموو درووست کراوەکانی دەگرێتەوە لەهەموو پێویستیەکاندا.

٢- هەژارییەکی تر کە بەندە خۆی هەڵی دەبژێرێت، ئەوەش بەرووبوومی دوو جۆر ناسینە، ناسینی بەندە بۆ پەروەردگاری و، هەروەها ناسینی بۆ نەفسی خۆی، هەرکێ بزانێت کە پەروەردگاری دەوڵەمەندی ڕەهایە، دەزانێت کە خۆی هەژاری ڕەهایە و دەرگای بەندایەتی دەگرێت و تاکو دەگاتە لای پەروەردگاری: { يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَنْتُمُ الْفُقَرَاءُ إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ } فاطر/١٥ .

# ئیمان

[ کردي – کوردی – kurdish ]

موحەممەد ئیبراهیم ئەلتویجری
سەرچاوەی بابەت: مختصر الفقه الإسلامي

**وەرگێڕانی:** ئیحسان بورهان الدين

**پێداچونەوەی :** پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٢ - ٢٠١١

IslamHouse.com

# ﴿ الإيمان ﴾

« باللغة الكردية »

محمد بن إبراهيم التويجري

مصدر: كتاب مختصر الفقه الإسلامي

ترجمة: إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# ئیمان

**ئیمان:** ئەوەیە باوەڕ بهێنیت بە خوا و فریشتەکان و کتێبەکان و پێغەمبەران و ڕۆژی دوایی، هەروەها باوەڕ بهێنیت بە قەدەر بە خێر و شەڕی.

بۆیە ئیمان گوفتار و کردارە، گوفتارە بە دڵ و بە زمان، کرداریشە بەدڵ و زمان و ئەندامەکان، بە گوێڕایەڵی خوای گەورە زیاددەکات و بە تاوان کردن کەم دەکات.

**بەشەکانی ئیمان:**

(أبو هريره) ڕەزای خوای لێبێت فەرموویەتی: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: (الإيْـمَانُ بِضْعٌ وَسَبْعُونَ، أوْ بِضْعٌ وَسِتُّونَ شُعْبَةً، فَأَفْضَلُـهَا قَوْلُ لا إلَـهَ إلَّا اللهُ، وَأَدْنَاهَا إمَاطَةُ الأذَى عَنِ الطَّرِيق، والحَيَاءُ شُعْبَةٌ مِنَ الإيْمَانِ) أخرجه مسلم.

واتە: ئیمان حەفتا و چەند بەشێکە، یان شەست و چەند بەشێکە، چاکترینیان وتنی (لا إله إلا الله)یە، نزمترینیان لابردنی دڕکێکە یان شتێکی ئازاربەخشە لەسەر ڕێگا، شەرمیش بەشێکە لە ئیمان.

**پلەکانی ئیمان:**

**ئیمان تام و شیرینی و ڕاستی هەیە:**

١- تامی ئیمان، ڕوونکراوەتەوە بە فەرموودەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم: (ذَاقَ طَعْمَ الإيْـمَانِ مَنْ رَضِيَ بِالله رَبًّا، وَبِالإسْلامِ دِيناً، وَبِمُـحَـمَّدٍ رَسُولاً) أخرجه مسلم.

واتە: کەسێك چێژی لە ئیمان وەرگرتووە کە بە خوای گەورە وەکو پەروەردگارێك ڕازیبوویێت و،بە ئیسلام وەکو ئایین و، بە موحەممەدە صلى الله عليه وسلم وەکو پێغەمبەر.

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم شیرینی ئیمانی ڕوون کردووەتەوە و فەرموویەتی:
(ثَلاثٌ مَنْ كُنَّ فِيْـهِ وَجدَ حَلاوَةَ الإيْـمَانِ: أَنْ يَكُونَ اللهُ وَرَسُولُـهُ أَحَبَّ إِلَيْـهِ مِـمَّا سِوَاهُـمَا، وَأَنْ يُـحِبَّ المَرْءَ لا يُـحِبُّـهُ إلا لله، وَأَنْ يَكْرَهَ أَنْ يَـعُودَ فِي الكُفْرِ كَمَا يَكْرَهُ أَنْ يُـقْذَفَ فِي النَّار) متفق عليه.

واتە: هەرکەسێ سێ شتی تێدا بەدی بکرێت هەستی بە شیرینی ئیمان کردووە: خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی لە هەموو کەسێك بەلاوە خۆشەویست تر بێت، هەرکەسێکی خۆش بوێت تەنها لەبەر خوا بێت، پێشی ناخۆش بێت بۆ بێ باوەڕی بگەڕێتەوە وەکو چۆن پێی ناخۆشە فڕێبدرێتە دۆزەخەوە.

٢- ڕاستی ئیمانیش بۆ کەسێك دێتە دی کە دڵنیایی تەواوو ڕاستی ئایینی هەبێت و هەڵسێت بە ئەرکەکانی دینداری لەڕووی خواپەرستن و بانگەواز و کۆچ کردن و پشتیوانی و جیهادکردن و ماڵ بەخشین.

١- خوای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ )الأنفال :٢ـ٤.

٢- هەروەها دەفەرموێت: (وَالَّذِينَ آمَنُوا وَهَاجَرُوا وَجَاهَدُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ آوَوْا وَنَصَرُوا أُولَٰئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا ۚ لَّهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ) الأنفال :٧٤.

٣- هەروەها دەفەرموێت: (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ۚ أُولَٰئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ) الحجرات :١٥.

- هیچ بەندەیەك ناگاتە ڕاستی ئیمان تاکو دڵنیا نەبێت لەوەی کە تووشی بووە نەدەبوو تووشی نەبوایە، ئەوەشی کە تووشی نەبوو نەدەبوو کە تووشی بوایە.

- **کامڵ بوونی ئیمان:**

خۆشەویستی تەواو بۆ خوا و پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وا پێویست دەکات کە موسوڵمان ئەو کارانە ئەنجام بدات کە ئەوان پێیان خۆشە، جا ئەگەر خۆشویستن و ڕق لێبوونی (کە کردەوەی دڵن) لەبەر خوا بوو، هەروەها بەخشین و قەدەغەکردنی( کە کردەوەی جەستەن) لەبەر خوا بوو، ئەوە بەڵگەیە لەسەر کامڵی ئیمان و، تەواوی خۆشەویستی بۆ خوای گەورە.

- **بەرزترین پلەکانی ئیمان:**

**ئیمان وشە و وێنە و ڕاستی هەیە:**

بەرزترین پلەکانی ئیمان بریتی یە لە دڵنیابوون (الیقین)، چونکە باوەڕێکە هیچ گومانێکی تێکەڵ نابێت، شێوەکەشی ئەوەیە کە بەتەواوی دڵنیا بیت لەوەی ئەو شتەی کە نایبینی لەگەڵ ئەوەی کە لەپیش دەستدا وەکو یەکن، هەرکاتێك ئەو هەواڵانەی خوای گەورە باسی کردووە دەربارەی خۆی و ناو و سیفەتەکانی و فریشتەکان و کتێبەکانی و پێغەمبەرەکانی و ڕۆژی دوایی وەکو حاڵەتێکی بینراوی پێهات، ئەوە ئەوپەڕی دڵنیاییە و ڕاسترین دڵنیابوونە، بە ئارامگرتن و دڵنیا بوونیش پێشەوایەتی لە ئاییندا بەدەست دەهێنرێت: (وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا ۖ وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ) السجدة :٢٤

**هەندێك لە خەسڵەتەکانی ئیمان:**

- **خۆشەویستی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم:**

ئەنەس ڕەزای خوای لێبێت لە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:(لا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْـهِ مِنْ وَالِدِهِ وَوَلَدِهِ وَالنَّاسِ أَجْـمَعِينَ) متفق علیە.

واتە: کەسێك لە ئێوە ئیمانی تەواو نابێت تاکو لە باوك و مناڵ و هەموو خەڵکی بەلایەوە خۆشەویستر نەبم.

- **خۆشویستنی ئەنصار:**

ئەنەس لە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (آيَةُ الإيْـمَانِ حُبُّ الأَنْصَارِ وآيَةُ النِّفَاقِ بُـغْضُ الأَنْصَارِ) متفق علیە.

واتە: نیشانەی ئیمان خۆشویستنی ئەنصارەکانە، نیشانەی نیفاقیش ڕق لێبوونی ئەنصارە.

**• خۆشویستنی ئیمانداران:**

ئەبو هورەیرە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: (لا تَدْخُلُوا الجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا، وَلا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوْا، أَوَلا أَدُلُّكُمْ عَلَى شَيْءٍ إِذَا فَعَلْتُمُوهُ تَحَابَبْتُمْ أَفْشُوا السَّلَامَ بَيْنَكُمْ) أخرجه مسلم.

واتە: ناچنە بەهەشتەوە تاکو ئیمان نەهێنن، ئیمانیش ناهێنن تاکو یەکترتان خۆش نەوێت، ئایا شتێکتان پیشان بدەم ئەگەر ئەنجامی بدەن یەکترتان خۆش بوێت: سەلام لەناو خۆتاندا بڵاو بکەنەوە.

**• خۆشویستنی برای موسوڵمان:**

ئەنەسی کوڕی مالیك لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (لا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لأَخِيْهِ ـ أَوْ قَالَ لِجَارِهِ ـ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ) متفق عليه.

واتە: ئیمانی کەسێك لە ئێوە تەواو نییە تاکو ئەوەی بۆ خۆی خۆشی بوێت بۆ براکەی یان دراوسێکی پێی خۆش بێت.

• ڕێزگرتن لە دراوسێ و میوان بێ دەنگ بوونیش جگە لە کاری چاکەدا، (ابو هريرە) ڕەزای خوای لێبێت لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِالله وَاليَوْمِ الآخِرِ فَلْيَقُلْ خَيْراً أَوْ لِيَصْمُتْ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِالله وَاليَوْمِ الآخِرِ فَلْيُكْرِمْ جَارَهُ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِالله وَاليَوْمِ الآخِرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ) متفق عليه.

واتە: هەرکێ باوەڕی بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە، با قسەی چاکە بکات یان بێ دەنگ بێت، هەرکێ باوەڕی بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە با ڕێز لە دراوسێکی بگرێت، هەرکێ باوەڕی بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە با ڕێز لە میوانەکەی بگرێت.

**• فەرمان بە چاکە و قەدەغەکردنی خراپە:**

(أبو سعيد الخدری) ڕەزای خوای لێبێت فەرموویەتی: گوێم لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بوو دەیفەرموو: (مَنْ رَأَى مِنْكُمْ مُنْكَراً فَلْيُغَيِّرْهُ بِيَدِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِلِسَانِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِهِ وَذَلِكَ أَضْعَفُ الإِيْمَانِ) أخرجه مسلم.

واتە: هەرکێ لە ئێوە خراپەیەکی بینی با بەدەستی بیگۆڕێت، ئەگەر نەیتوانی با بەزمانی، ئەگەر نەیتوانی با بەدڵی بیگۆڕێت، ئەوەش لاوازترین ئیمانە.

- **ئامۆژگاری:**

(تميم الداری) ڕەزای خوای لێبێت لە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (الدِّينُ النَّصِيحَةُ، قُلْنَا لِـمَنْ؟ قَالَ: لله وَلِكِتَابِـهِ وَلِرَسُولِـهِ وَلَأَئِمَّةِ المسْلِـمِينَ وَعَامَّتِـهِـمْ) أخرجه مسلم.

واتە: دین بریتی یە لە ئامۆژگاریکردن، وتمان: بۆ کێ؟ فەرمووی: بۆ خوا و قورئان و پێغەمبەرەکەی و پێشەوایان و خەڵکی موسوڵمانان بە گشتی.

- **ئیمان چاکترین کردەوەیە:**

(ابو هريره) ڕەزای خوای لێبێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پرسیاری لێکرا: أيُّ العَمَلِ أفْضَلُ؟ قَالَ: (إيمَانٌ بِاللهِ وَرَسُولِـهِ، قِيْلَ ثُمَّ مَاذَا؟ قَالَ:الجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللهِ، قِيلَ ثُمَّ مَاذَا؟ قَالَ:حَجٌّ مَبْرُورٌ) متفق علیه . واتە: چی کردەوەیەك باشترە؟ فەرمووی: باوەڕ بە خوا و بە پێغەمبەرەکەی، وترا، ئیتر چی؟ فەرمووی: جیهادرکردن لە پێناو خوای گەورە، وترا، ئیتر چی؟ فەرمووی: حەجێکی وەرگیراو.

- **ئیمان بە خوا پەرستن زیاددەکات و بە تاوان کەم دەکات:**

١- خوای گەورە دەفەرموێت:(هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ السَّكِينَةَ فِي قُلُوبِ الْمُؤْمِنِينَ لِيَزْدَادُوا إِيمَانًا مَعَ إِيمَانِهِمْ ۗ وَلِلَّهِ جُنُودُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۚ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا)الفتح ٤:

٢- هەروەها دەفەرموێت:(وَإِذَا مَا أُنْزِلَتْ سُورَةٌ فَمِنْهُمْ مَنْ يَقُولُ أَيُّكُمْ زَادَتْهُ هَٰذِهِ إِيمَانًا ۚ فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا فَزَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَهُمْ يَسْتَبْشِرُونَ) التوبة :١٢٤.

٣- ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێبێت لە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (لا يَزْنِي الزَّانِي حِينَ يَزْنِي وَهُوَ مُؤْمِنٌ، وَلا يَسْرِقُ السَّارِقُ حِينَ يَسْرِقُ وَهُوَ مُؤْمِنٌ، وَلا يَشْرَبُ الخَـمْرَ حِينَ يَشْرَبُـهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ) متفق علیه.

واتە: زیناکەر لەکاتی زینادا ئیماندار نییە، دزیش لەکاتی دزی کردندا ئیماندار نییە، ئارەق خۆریش لەکاتی ئارەق خواردنەوەدا ئیماندار نییە.

٤-	ئەنەس ڕەزای خوای لێبێت لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (يَـخْرُجُ مِنَ النَّارِ مَنْ قَالَ: لا إلَـهَ إلَّا اللهُ وَفِي قَلْبِـهِ وَزْنُ شَعِيرَةٍ مِنْ خَيْرٍ، وَيَـخْرُجُ مِنَ النَّارِ مَنْ قَالَ: لا إلَـهَ إلَّا اللهُ وَفِي قَلْبِـهِ وَزْنُ بُرَّةٍ مِنْ خَيْرٍ، وَيَـخْرُجُ مِنَ النَّارِ مَنْ قَالَ: لا إلَـهَ إلَّا اللهُ وَفِي قَلْبِـهِ وَزْنُ ذَرَّةٍ مِنْ خَيْرٍ)، وفي رواية: (مِنْ إيمَانٍ) مكان (مِنْ خَيْرٍ) متفق عليه.

واتە: کەسێك وتبێتی (لا إله إلَّا الله) و بەقەد دەنکە جۆیەك چاکە لە دڵیدا بێت لە دۆزەخ دەردەچێت، هەروەها کەسێك لە دۆزەخ دەردەچێت کەسێك وتبێتی (لا إله إلَّا الله) و، بەقەد دەنکە گەنمێك چاکە لەدڵیدا بێت هەروەها لە دۆزەخ دەردەچێت کە سێك وتبێتی (لا إله إلَّا الله) و، بەقەد گەردیلەیەك چاکە لەدلیدا بێت، لە ڕیوایەتێکیشدا هاتووە: (من ایمان) لە جیاتی (من خیر).

- **حوکمی کردەوەی بێ باوەڕی پێش موسوڵمان بوونی:**

١-	ئەگەر بێ باوەڕ موسوڵمان بوو دواتریش خەریکی چاکە کردن بوو، خوای گەورە لە خراپەکانی خۆش دەبێت، وەکو فەرموویەتی: (قُلْ لِلَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ يَنْتَهُوا يُغْفَرْ لَهُمْ مَا قَدْ سَلَفَ وَإِنْ يَعُودُوا فَقَدْ مَضَتْ سُنَّتُ الْأَوَّلِينَ) الأنفال :٣٨.

٢-	لەسەر کردەوە چاکەکانیشی پاداشت دەدرێتەوە، وەکو جێگر بووە لە (حكيم بن حزام)ەوە ڕەزای خوای لێبێت کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: (أرأيـتَ أموراً كنتُ أتَـحَنَّثُ بها في الجاهلية هل لي فيها من شيء؟ فقال له رسول الله صلى الله عليه وسلم: أَسْلَمْتَ عَلَـى مَـا أَسْلَفْتَ مِنْ خَيْرٍ) متفق عليه.

واتە: ئاگادارم بکەرەوە دەربارەی هەندێ خواپەرستن کە لە سەردەمی نەفامیدا ئەنجامم دەدا، ئایا هیچم لێ دەست دەکەوێت، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی: لەسەر کاری چاکەی ڕابوردووت موسوڵمان بوویتە.

٣-	هەرکەسیش موسوڵمان بێت و خراپەبکات لەو حاڵەتەدا بەخراپەی کۆن و نوێ سزا دەدرێت، وەکو پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: (مَنْ أَحْسَنَ فِي الإِسْلامِ لَـمْ يُؤَاخَذْ بِمَا عَمِلَ فِي الجَاهِلِيَّةِ، وَمَنْ أَسَاءَ فِي الإِسْلامِ أُخِذَ بِالأَوَّلِ وَالآخِرِ) متفق عليه.

واته: هەرکێ لە ئیسلامدا چاکە بکات چاوپۆشی لێ دەکرێت سەبارەت بە کردەوەکانی سەردەمی نەفامی، هەرکەسیش لەکاتی موسوڵمان بوونیدا خراپە بکات لەبەر تاوانی سەرەتا و کۆتایی سزا دەدرێت.

### کۆڵەکەکانی ئیمان

کۆڵەکەکانی ئیمان شەشن، هەمووشیان لە فەرموودەی جبریل دا سەلامی خوای لێبێت باسکراون، کاتێك پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: (أنْ تُؤْمِنَ بِاللّه، وَمَلائِكَتِهِ، وَكُتُبِهِ، وَرُسُلِهِ، وَاليَوْمِ الآخِرِ، وَتُؤْمِنَ بِالقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ) متفق علیه.

واته: باوەڕبهێنن بە خوا و فریشتەکان و کتێبەکان و پێغەمبەران و ڕۆژی دوایی و باوەڕ بە قەدەر بهێنێت لەڕووی چاکە و خراپەوە.

- **بەهێزی پەیوەندی ئیمان:**

پەیوەندی ئیمان بە ڕەهایی بەهێزترین پەیوەندییە، هەر بەو هۆیەشەوە بووەتە هۆکاری پەیوەندی لەنێوان پەروەردگار و بەندەکانی و ئاسمان و زەوی و ئوممەت و پێغەمبەرەکەی پێکەوە بەستووەتەوە، هەروەها بووەتە هۆکاری پەیوەندی لەنێوان ئادەمیزادەکان لەسەر زەوی و، فریشتەکان و جنۆکەکان... هەروەها لەنێوان دونیا و دواڕۆژدا.

هەر لەو پێناوەشدا خوای گەورە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەشیان کە تێدایە، هەروەها بەهەشت و دۆزەخی درووست کردووە.

هەر لەبەر ئەوەشە خوای گەورە پشتیوانی ئیمانداارانە و، پێغەمبەرانی ڕەوانە کردووە و، کتێبەکانی دابەزاندووە و جیهادی وەکو شەرع داناوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: (اللَّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُوا يُخْرِجُهُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ ۖ وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَوْلِيَاؤُهُمُ الطَّاغُوتُ يُخْرِجُونَهُم مِّنَ النُّورِ إِلَى الظُّلُمَاتِ ۗ أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ) البقرة :٢٥٧.

# فەزڵی زانست

[ kurdish – کوردی – كردي ]

موحەممەد ئیبراهیم ئەلتویجری

**وەرگێڕانی:** ئیحسان بورهان الدین

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ فضل العلم ﴾

« باللغة الكردية »

محمد بن إبراهيم التويجري

ترجمة: إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# فەزڵی زانست

١- خوای گەورە فەرموویەتی:{ يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ ۚ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ }[المجادلة/١١].

٢- عوسمان ڕەزای خوای لێبێت لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:((خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)) أخرجه البخاري.

فەزڵی فێربوونی زانست کە لە پێش گوفتار وکردارەوە دێت:

١- خوای گەورە دەفەرموێت: {فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنْبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ ۗ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مُتَقَلَّبَكُمْ وَمَثْوَاكُمْ} [محمد/١٩].

٢- هەروەها فەرموویەتی:{وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْمًا} [طه/١١٤].

٣- ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێبێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی:((وَمَنْ سَلَكَ طَرِيقاً يَلْتَمِسُ فِيْهِ عِلْماً سَهَّلَ اللهُ لَهُ بهِ طَرِيقاً إلَى الجَنَّةِ)) أخرجه مسلم.

## فەزڵی ئەو کەسەی بانگەواز دەکات بۆ کارێکی چاکە:

ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێبێت لە پێغەمبەرەوە صلی الله علیه وسلم دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:((مَنْ دَعَا إلَى هُدَىً كَانَ لَـهُ مِنَ الأجْرِ مِثْلُ أُجُورِ مَنْ تَبِـعَهُ، لا يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ أُجُورِهِـمْ شَـيْئاً، وَمَنْ دَعَا إلَى ضَلالَةٍ كَانَ عَلَيهِ مِنَ الإثْمِ مِثْلُ آثَامِ مَنْ تَبِـعَهُ لا يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ آثَامِهِـمْ شَـيْئاً)) أخرجه مسلم.

واتە: هەرکێ بۆ کارێکی چاکە بانگەواز بکات ،پاداشتی وەکو ئەوانە دەبێت کە شوێنکەوتووی دەبن بەبێ ئەوەی لە پاداشتی ئەوان کەم بکاتەوە، هەرکەسیش بۆ کارێکی خراپە بانگەواز بکات، گوناهی وەکو گوناهی ئەوانەیە کە شوێنکەوتووی دەبن، بەبێ ئەوەی لە گوناهی ئەوان کەم بکاتەوە.

## گەیاندنی زانست واجبە:

١- خوای گەورە فەرموویەتی:{هَٰذَا بَلَاغٌ لِلنَّاسِ وَلِيُنْذَرُوا بِهِ وَلِيَعْلَمُوا أَنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ وَلِيَذَّكَّرَ أُولُو الْأَلْبَابِ} [إبراهيم/٥٢].

٢- ئەبو بەكرە ڕەزای خوای لێبێت دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە ( حجة الوداع ) فەرموویەتی:((.. لِيُبَلِّغِ الشَّاهِدُ الغَائِبَ فَإِنَّ الشَّاهِدَ عَسَى أنْ يُبَلِّغَ مَنْ هُوَ أوْعَى لَـهُ مِنْـهُ)) متفق عليه.

واتە: با ئامادە بوو كەسی ئامادە نە بوو ئاگادار بكاتەوە، چونكە لەوانەیە ئامادەبوو كەسێك ئاگادار بكاتەوە لە خۆی چاكتر لێی بگات.

٣- عەبدوڵڵای كوڕی عومەر ڕەزای خوای لێبێت دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی:((بَلِّغُوا عَنِّي وَلَوْ آيَةً...)) أخرجه البخاري.

واتە: لە منەوە زانست بگەیەنن ئەگەر یەك ئایەتیش بووە.

## سزای ئەو كەسەی كە زانست دەشارێتەوە:

١- خوای گەورە دەفەرموێت: {إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنْزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَىٰ مِنْ بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ لِلنَّاسِ فِي الْكِتَابِ ۙ أُولَٰئِكَ يَلْعَنُهُمُ اللَّهُ وَيَلْعَنُهُمُ اللَّاعِنُونَ* إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا وَأَصْلَحُوا وَبَيَّنُوا فَأُولَٰئِكَ أَتُوبُ عَلَيْهِمْ ۚ وَأَنَا التَّوَّابُ الرَّحِيمُ} [البقرة/١٥٩-١٦٠]..

٢- ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێبێت لە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:((مَنْ سُئِلَ عَنْ عِلْمٍ فَكَتَمَهُ أَلْجَمَهُ اللَّهُ بِلِجَامٍ مِنْ نَارٍ يومَ القِيامَةِ)) أخرجه أبو داود والترمذي .

واتە: هەرکێ پرسیاری زانستێکی لێ بکرێت وبیشارێتەوە، خوای گەورە لەغاوێکی ئاگرینی لەدەم دەکات لە ڕۆژی قیامەتدا.

## سزای ئەو کەسەی فێری زانست دەبێت ومەبەستی ڕەزامەندی خوا نیە:

١- ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێبێت لە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:((.. إِنَّ أَوَّلَ النَّاسِ يُقْضَى يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَيْهِ رَجُلٌ اسْتُشْهِدَ فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا قَالَ فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا قَالَ قَاتَلْتُ فِيكَ حَتَّى اسْتُشْهِدْتُ قَالَ كَذَبْتَ وَلَكِنَّكَ قَاتَلْتَ لِأَنْ يُقَالَ جَرِيءٌ فَقَدْ قِيلَ ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ وَرَجُلٌ تَعَلَّمَ الْعِلْمَ وَعَلَّمَهُ وَقَرَأَ الْقُرْآنَ فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا قَالَ فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا قَالَ تَعَلَّمْتُ الْعِلْمَ وَعَلَّمْتُهُ وَقَرَأْتُ فِيكَ الْقُرْآنَ قَالَ كَذَبْتَ وَلَكِنَّكَ تَعَلَّمْتَ الْعِلْمَ لِيُقَالَ عَالِمٌ وَقَرَأْتَ الْقُرْآنَ لِيُقَالَ هُوَ قَارِئٌ فَقَدْ قِيلَ

((ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ)) أخرجه مسلم.

واته: یەکەمین کەس لە خەڵکی کە لە ڕۆژی قیامەتدا لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت پیاوێکە دەهێنرێت وخوای گەورە نیعمەتەکانی خۆی پێ دەناسێنی ئەویش دەیناسێتەوە وپێی دەوترێت چی کردەوەیەکت پێکرد، دەڵێت جەنگم کرد لە پێناوت تاکو شەهید بووم، دەفەرموێت درۆت کرد بەڵکو جەنگت کرد بۆ ئەوەی بوترێت بوێرە وترایش ،ئینجا فەرمان دەکرێت لەسەر ڕووی ڕایدەکێشن تاکو دەخرێتە دۆزەخەوە، پیاوێکیش فێری زانست بوو وخەڵکیشی فێرد کرد وقورئانی خوێند، دەهێنرێت ونیعمەتەکانی خۆی پێ دەناسێنی ئە ویش دەیانناسێتەوە، پێی دەفەرموێت چی کردەوەیەکت پێکرد، دەڵێت: فێری زانست بووم وخەڵکیشم فێرکرد ولە پێناوتدا قورئانم خوێند، دەفەرموێت: درۆت کرد بەڵکو فێری زانست بوویت بۆ ئەوەی بوترێت زانایە وقورئانت خوێند بۆ ئەوەی بوترێت قورئان خوێنە و وترایش، ئینجا فەرمان دەکرێت بەڕوویدا ڕادەکێشرێت تاکو دەخرێتە دۆزەخەوە.

## سزای درۆکردن لەسەر خوا وپێغەمبەر صلى الله علیه وسلم:

١- خوای گەورە دەفەرموێت:{فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا لِيُضِلَّ النَّاسَ بِغَيْرِ عِلْمٍ ۗ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ} [الأنعام/١٤٤].

٢- هەروەها فەرمویەتی:{وَلَا تَقُولُوا لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ هَٰذَا حَلَالٌ وَهَٰذَا حَرَامٌ لِتَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ ۚ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ* مَتَاعٌ قَلِيلٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ} [النحل/ ١١٦- ١١٧].

٣- ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێبێت لە پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:((مَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّداً فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ)) متفق علیه.

واتە: هەرکێ بەئەنقەست درۆم بەدەمەوە هەڵبەستێت با جێگەی خۆی لە دۆزەخدا مسۆگەر بکات.

## فەزڵی کەسێك زانست فێر ببێت وخەڵکیش فێر بکات:

١- خوای گەورە دەفەرموێت:{وَلَٰكِنْ كُونُوا رَبَّانِيِّينَ بِمَا كُنْتُمْ تُعَلِّمُونَ الْكِتَابَ وَبِمَا كُنْتُمْ تَدْرُسُونَ} [آل عمران/٧٩].

٢-لە ئەبو موسای ئەشعەریەوە ڕەزای خوای لێبێت کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی:((مَثَلُ مَا بَعَثَنِي اللهُ بِهِ مِنَ الهُدَى وَالعِلْمِ كَمَثَلِ الغَيْثِ الكَثِيرِ أَصَابَ أَرْضاً، فَكَانَ مِنْهَا نَقِيَّةٌ قَبِلَتِ المَاءَ فَأَنْبَتَتِ الكَلأَ وَالعُشْبَ الكَثِيرَ، وَكَانَتْ مِنْهَا أَجَادِبُ أَمْسَكَتِ المَاءَ فَنَفَعَ اللهُ بِهَا النَّاسَ فَشَرِبُوا، وَسَقَوْا وَزَرَعُوا، وَأَصَابَ مِنْهَا طَائِفَةً أُخْرَى إِنَّمَا هِيَ قِيعَانٌ لا تُمْسِكُ مَاءً وَلا تُنْبِتُ كَلأً، فَذَلِكَ مَثَلُ مَنْ فَقُهَ فِي دِينِ اللهِ وَنَفَعَهُ مَا بَعَثَنِي اللهُ بِهِ فَعَلِمَ وَعَلَّمَ، وَمَثَلُ مَنْ لَمْ يَرْفَعْ بِذَلِكَ رَأْساً وَلَمْ يَقْبَلْ هُدَى اللهِ الَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ)) متفق عليه.

واتە: نموونەی ئەوەی کە خوای گەورە ڕەوانەی کردووم لە ڕێنوێنی وزانست وەکو نموونەی ئەوەیە بارانێکی زۆر بەسەر زەوییەکدا ببارێت، جا هەندێك لەو زەوییە ئاوەکەی وەرگرت و لەوەڕ وگیای زۆری ڕواند، هەندێکیشی وشك ورەق بو. ئاوەکەی لە خۆ گرت وخەڵکی سوودیان لێ وەرگرت و لێیان خواردەوە، بارانەکە بەر هەندێکی تر لەو زەویە کەوت کە نەئاوەکەی لە خۆ دەگرت ونە لەوەڕیشی دەڕواند. ئەوەیە نموونەی کەسێك کە خوای گەورە منی پێ ڕەوانە کردووە وخۆی فێر بووە وخەڵکیشی فێر کردووە و، نموونەی کەسێك کە ڕێنوێنی خوای پەروەردگاری وەرنەگرتبێت کە منی پێ ڕەوانە کراوم.

٣-لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعهوودەوە ڕەزای خوای لێبێت فەرموویەتی: پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی:((لا حَسَدَ إلَّا فِي اثْنَتَين: رَجُلٌ آتَاهُ اللهُ مَالاً فَسلَّطَ عَلَى هَلَكَتِهِ فِي الحَقِّ، وَرَجُلٌ آتَاهُ اللهُ الحِكْمَةَ فَهُوَ يَقْضِي بِها وَيُعَلِّمُهَا)) متفق عليه.

واتە: ئێرەیی درووست نییە لە دووشتدا نەبێت، پیاوێك خوای گەورە ماڵی پێ بەخشیوە ولەڕێگەی چاکەدا لەناوی دەبات، پیاوێکیش خوای گەورە دانایی پێ بەخشیوە داوەری پێ دەکات وخەڵکی پێ فێر دەکات.

## بەرزکردنەوەی زانست وچۆن وەردگیردرێتەوە:

١-ئەنەس ڕەزای خوای لێبێت فەرموویەتی: ئایا فەرموودەیەکتان بۆ بگێڕمەوە کە لە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم م بیستووە ، کەسێکی تر بۆتانی باس ناکات کە لە ئەوی بستبێت:((إنَّ مِنْ أشْرَاطِ السَّاعَةِ: أنْ يُرْفَعَ العِلْمُ، وَيَظْهَرَ الجَهْلُ، وَيَفْشُوَ الزِّنَى، وَيُشْرَبَ الخَمْرُ، وَيَذْهَبَ الرِّجَاُل، وَتَبْقَى النِّسَاءُ حَتَّى يَكُونَ لِخَمْسِينَ امْرَأَةً قَيِّمٌ وَاحِدٌ)) متفق عليه.

واتە: لە نیشانەکانی قیامەت ئەوەیە زانست هەڵگیردرێتەوەو نەفامی بڵاوبێتەوە و، داوێن پیسی

تەشـەنە بکات و، ئارەق بخورێتەوە و، پیاوان لە نێو بچن وژنان بمێننەوە، تاکو وای لێبێت بە پەنجا ئافرەت یەك سەرپەرشـتیاریان هەبێت.

عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص ڕەزای خوایان لێبێت دەفەرموێت گوێم لە پێغەمبەر بوو صلى الله عليه وسـلم دەيفەرموو:((إنَّ اللهَ لا يَـقْبِضُ العِلْـمَ انْتِزَاعاً يَنْتَزِعُهُ مِنَ العِبَادِ، وَلَكِنْ يَـقْبِضُ العِلْـمَ بِقَبْضِ العُلَـمَاءِ، حَتَّى إذَا لَـمْ يَبْقَ عَالِـمٌ اتَّـخَذَ النَّاسُ رُؤُوساً جُهَّالاً، فَسُئِلُوا فَأَفْتَوْا بِـغَيْرِ عِلْـمٍ فَضَلُّوا وَأَضَلُّوا)) متفق عليه.

واتە: خوای گەورە بە زۆر زانسـت لە بەندەکان وەرناگرێتەوە بەڵکو بەنەمانی زانایان وەریدەگرێتەوە، کاتێك یەك زانا نامێنێ خەڵکی سـەرانی نەفام هەڵدەبژێرن، پرسـیاریان لێ دەکرێت وبەبێ زانسـت فەتوا دەدەن، گومڕا دەبن وخەڵکیش گومڕا دەکەن.

## فەزڵی تێگەیشتن لە ئاییندا:

١-موعاویە ڕەزای خوای لێبێت فەرموویەتی، پێغەمبەر صلى الله عليه وسـلم فەرموویەتی:((مَنْ يُرِدِ اللّهُ بِـهِ خَيْراً يُفَقِّهْهُ فِي الدِّين، وَاللّهُ المعْطِي، وَأَنَا القَاسِـمُ، وَلا

تَزَالُ هَذِهِ الأُمَّةُ ظَاهِرِينَ عَلَى مَنْ خَالَفَهُمْ حَتَّى يَأْتِيَ أَمْرُ اللهِ، وَهُمْ ظَاهِرُونَ)) متفق عليه.

واته: خوای گەورە ئەگەر چاکەی کەسێکی بوێت تێگەیشتنی ئایینی پێ دەبەخشێت، خوای گەورە خۆی بەخشندەیەو من دابەشکارم، ئەم ئوممەتەیش سەرکەوتوو دەبن بەسەر نەیارەکانیانەوە تاکو فەرمانی خوای گەورە دێت و هەر لەو سەربەرزییە دان.

٢-عوسمان ڕەزای خوای لێبێت لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەیگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:((خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ القُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)) أخرجه البخاري.

واته: چاکترینتان ئەو کەسەیە فێری قورئان ببێت وخەڵکیش فێر بکات.

**فەزڵی کۆڕەکانی یادی خوا:**

دونیا دوو باخچەی لە باخچەکانی بەهەشت تێدایە: یەکێکیان جێگیرە وئەوی تریان هەمیشە لە ڕووی کات و جێگەوە نوێ دەبێتەوە.

١-ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێبێت دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی:((مَا بَيْنَ

بَيْتِي وَمِنْبَرِي رَوْضَةٌ مِنْ رِيَاضِ الجَنَّةِ، وَمِنْبَرِي عَلَى حَوْضِي)) متفق عليه.

واتە: لە نێوان ماڵم و مینبەرەکەم باخچەیەك لە باخچەکانی بەهەشتی تێدایە، مینبەرەکەشم لەسەر حەوزەکەمە.

٢-ئەنەس ڕەزای خوای لێبێت دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی:((إذَا مَرَرْتُمْ بِرِيَاضِ الجَنَّةِ فَارْتَعُوا)) قَالُوا: وَمَا رِيَاضُ الجَنَّةِ؟ قال: ((حِلَقُ الذِّكْرِ)) أخرجه أحمد والترمذي.

واتە: ئەگەر بەلای باخچەکانی بەهەشتدا تێپەڕین لێی بەهرەمەند بن وکەڵکی لێ وەربگرن، وتیان: باخچەکانی بەهەشت چییە؟ فەرمووی: بازنەکانی یادی خوا.

٣-ئەبو هورەیرە وئەبو سەعیدی خودری ڕەزای خوایان لێ بێت ئامادە بوون کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی:((لا يَقْعُدُ قَوْمٌ يَذْكُرُونَ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ إِلَّا حَفَّتْهُمُ الملائِكَةُ، وَغَشِيَتْهُمُ الرَّحْمَةُ، وَنَزَلَتْ عَلَيْهِمُ السَّكِينَةُ، وَذَكَرَهُمُ اللهُ فِيمَنْ عِنْدَهُ)) أخرجه مسلم.

واتە: ئەگەر کەسانێك دانیشن بۆ یادکردنی خوای گەورە فریشتەکان دەوریان دەدەن وسۆزی خوایان بەسەردا

دادەبەزێت وئارامی دەرژێتە نێو دڵەکانیان وخوای گەورە لەلای ئەوانەی کە لەلای خۆین باسیان دەکات.

# قەرزكردن

[ كردي – كوردى – kurdish ]

موحەمەد بن ئیبراهیم ئەلتوەیجری

وەرگێڕانی: ئیحسان بورهان الدین

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ القرض ﴾

« باللغة الكردية »

محمد بن إبراهيم التويجري

ترجمة: إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# قەرزکردن

گرێبەستەکانی مامەڵەکردن دەبنە سێ بەشەوە:

یەکەم: گرێبەستی قەرەبووکردنەوە وەکو فرۆشتن و کرێدان وشتی لەو شێوە.

دووەم: گرێبەستی بەخشین، وەکو ڕاسپاردە و وەقف و قەرز وصەدەقە و شتی لەوشێوە.

سێیەم: گرێبەستی متمانە کردن وەکو بارمتە و دەستەبەرکردن و دەستەبەری و شتی لەو شێوە.

پێدانی ماڵ بۆ کەسێك کە سوودی لێ وەرگرێت و قەرەبووی بکاتەوە، یان سوودی لێ وەرگرێت بێ گێڕانەوە بەمەبەستی پاداشت وەرگرتن لە لای خوای گەورە لە هەردوو حاڵەتەکەدا .

قەرز جۆرێکە لە خوا نزیکبوونە لە شەرعدا فەرمانی پێکراوە، چونکە بریتی یە لە چاکەکردن لەگەڵ خاوەن

پێویستیەكاندا، هەرچەندیش ئەو پێویست یە زۆر بێت وكردەوەكە مەبەست لێی خوا بێت، پاداشتەكەی گەورەتر دەبێت.

١-خوای گەورە دەفەرموێت:{

} البقرة:٢٤٥.

٢-ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێبێت لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: ((مَنْ نَفَّسَ عَنْ مُؤْمِنٍ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ الدُّنْيَا نَفَّسَ اللهُ عَنْـهُ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ يَومِ القِيَامَةِ، وَمَنْ يسَّرَ عَلَى مُعْسِرٍ يَسَّرَ اللهُ عَلَيْـهِ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ، وَمَنْ سَتَرَ مُسلِـماً سَتَرَهُ اللهُ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ، وَاللهُ فِي عَوْنِ العَبْدِ مَا كَانَ العَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيْـهِ))أخرجه مسلم.

واتە: هەركێ ناخۆشیەك لە ناخۆشیەكانی دونیا لەسەر ئیمانداریك سووك بكات، خوای گەورە ناخۆشیەك لە ناخۆشیەكانی قیامەت لەسەر سووك دەكات، هەركەسیش كاری قورسی موسڵمانێك سووك بكاتەوە

خوای گەورە لە دونیا وقیامەتدا کاری بۆ سووك دەکاتەوە، هەرکەسێکیش نهێنی موسڵمانێك داپۆشێت خوای گەورە لە دونیاو لە دوارۆژدا دایدەپۆشێت، خوای گەورەش لە یارمەتیدانی بەندەدایە، مادام ئەو بەندەیە لە یارمەتیدانی براکەیدا بێت.

١-( مستحب ) ە کەسێك قەرز بداتە خەڵکی خاوەن پێویستی، ٠ مباح ) یشە کەسێك داوای قەرز بکات، هەرچی شتێکیش بگونجی بۆ فرۆشتن دەگونجی بە قەرزیش بدرێت ئەگەر ناسراو ومەعلوم بێتن قەرزاریش پێویستە قەرەبووی ئەوە بگێردرێتەوە کە قەرزی کردوە، هاوشێوە لەو شتانەی کە دەکرێت هاوشێوەی بگێردرێتەوە ، یان بەهاکەی لە شتی تردا.

٢-هەموو قەرزێك ببێتە مایەی سوود کردن بۆ خاوەنەکەی ئەوە ریبایە، بۆ نموونە قەرزێك بەکەسێك بدات و مەرجی لەگەڵدا بکات کە لە جیاتی ئەوە لە ماڵەکەیدا دانیشێت، یان بۆ نموونە هەزار دیناری پێ بدات بە مەرجێك بە هەزار وپێنج سەد دینار بگێڕێتەوە.

چاکەکردن لە قەرزدا کارێکی ( مستحب ) ئەگەر مەرجیش نەبێت، بۆ نموونە کەسێك شتێك بە قەرز بداتە کەسێك ئەو شتێکی باشتری بۆ بگێڕێتەوە، ئەوە پێی دەوترێت گێڕانەوەی جوان و کارێکی هەڵقوڵاوە لە کارو ڕەوشتی بەرزەوە، هەر کەسیش دوو جار قەرز بدات بە کەسێك وەکو ئەوەیە پێی بەخشیبێت.

( أبو رافع ) ڕەزای خوای لێبێت دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صل... ، وشترێکی کۆرپەی لە کەسێك داواکرد، کاتێك وشتری زەکات گەیشتن، پێغەمبەر صلی اللّٰه علیه وسلم داوای لە ( أبو رافع ) کرد وشتری ئەو پیاوە بگێڕێتەوە، ( أبو رافع ) گەڕایەوە فەرمووی تەنها وشتری گەورەی تێدایە، پێغەمبەر صلی اللّٰه علیه وسلم فەرمووی: ((أعْطِه إيَّاهُ، إنَّ خِيَارَ النَّاسِ أحْسَنُهُمْ قَضَاءً)) أخرجه مسلم.

واتە: لەوانەی بدەرێ، چاکترینی خەڵکی ئەوانەن کە قەرز بە جوانی دەگێڕنەوە.

دروستە قەرزی دواخراو کەم بکرێتەوە لە پێناو ئەوەی بە پەلە بگێڕێتەوە، ئیتر ئایا لەسەر داوای خاوەن قەرز بێت یان قەرزار.

فەزڵی موڵەتدانی قەرزاری دەستکورت یان گەردن ئازادکردنی:

مۆڵەت درێژ کردنەوە بۆ قەرزاری نەدار یەکێکە لە ڕەوشتە جوانەکان، لەوەش چاکترە ئەوەیە هەر گەردنی ئازاد بکرێت.

١-خوای گەورە دەفەرموێت:

البقرة: ٢٨٠ .

٢-( أبي اليسر ) خوای لێ ڕازی بێت فەرموویەتی: گوێم لە پێغەمبەر بوو صلى الله عليه وسلم فەرمووی: ((مَنْ أنْظَرَ مُعْسِراً أوْ وَضَعَ عَنْـهُ، أظَلَّـهُ الله فِي ظِلِّـهِ )) أخرجه مسلم.

واتە: هەرکێ مۆڵەتی قەرزارێکی نەدار بدات یان گەردنی ئازاد بکات، خوای گەورە دەیخاتە ژێر سێبەری خۆیەوە.

قەرزار چوار حاڵەتی هەیە:

١-موفلیس بێت و هیچی نەبێت، ئەو پێویستە مۆڵەت بدرێت.

٢-ماڵەکەی لە قەرزەکەی زۆرتر بێت، ئەوە دروستە داوای لێ بکرێت وناچار بکرێت قەرزەکە بگێڕێتەوە.

٣-ماڵەکەی ئەوەندەی قەرزەکەی بێت، ئەوەش ناچار دەکرێت بیگێڕێتەوە.

٤-ماڵەکەی کەمتر بێت لە قەرزەکەی، ئەم کەسە موفلیسە و پێویستە ( حجر ) ی بخرێتە سەر لەسەر داوای خاوەن قەرزەکان یان هەندێکیان و، ماڵەکەی لە نێوان خاوەن قەرزەکاندا دابەش دەکرێت بە پێی ڕێژەکانیان.

پێویستە لەسەر ئەو کەسەی ماڵێك قەرز دەکات بڕیار ونیازی دانەوەی لە دڵی خۆیدا دابمەزرێنێت، ئەگینا خوای گەورە یارمەتیدەری نابێت بۆ گێڕانەوەی و تاوانباریش دەبێت، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم

فەرموویەتی: ((مَنْ أخَذَ أمْوَالَ النَّاسِ يُرِيدُ أدَاءَهَا أدَّى اللهُ عَنْـهُ، وَمَنْ أخَذَ يُرِيدُ إتْلافَهَا أتْلَفَهُ اللهُ)) أخرجه البخاری.

واتە: هەرکەسێك ماڵی خەڵکی ببات وبیەوێت بیگێڕێتەوە خوای گەورە خۆی بۆی دەداتەوە، هەرکەسێکیش بیبات و مەبەستی لە ناوبردنی بێت خوای گەورە لەناوی دەبات.

# چۆنیەتی ڕۆژووگرتن لەو وڵاتانەی خۆری تێدا ئاوا نابێت

[ كردي – کوردی – kurdish ]


موحەمەد ئیبراهیم التویجری

وەرگێڕانی: ئیحسان برهان الدین

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز



2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ كيفية الصيام في البلاد التي لا تغيب عنها الشمس ﴾

« باللغة الكردية »

محمد بن إبراهيم بن عبد الله التويجري

ترجمة: إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

## چۆنیەتی ڕۆژووگرتن لەو وڵاتانەی خۆری تێدا ئاوا نابێت

هەرکەسێك لە وڵاتێکدا نیشتەجێ بێت کە لە هاویندا خۆری تێدا ئاوا نابێت ، یا لە زستاندا خۆری تێدا هەڵنایە، یان لە وڵاتێکدا بێت ڕۆژی تاکو شەش مانگ بەردەوام بێت ، شەوەکەشی بە هەمان شێوە ، یا زیاتر یان کەمتر ، لەو حاڵەتەدا پێویستە نوێژو و ڕۆژوو ئەنجام بدەن وەکو نزیکترین وڵات لێیانەوە کە شەووڕۆژی تێدا جیادەکرێتەوەو بە تێکڕایش بیست و چوار سعاتە ، بەم شێوەش هەڵدەستن بە دیاریکردنی سەرەتاو کۆتایی ڕەمەزان ، هەروەها پارشێوو بەربانگ بە پێی ئەو وڵاتە.

# نوێژی خۆرگیران ومانگ گیران

[ kurdish – کوردی – كردي ]

موحەمەد بن ئیبراهیم ئەلتوەیجری

**وەرگێڕانی:** ئیحسان بورهان الدین

**پێداچونەوەی**: پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ صلاة الكسوف والخسوف ﴾

« باللغة الكردية »

محمد بن إبراهيم التويجري

ترجمة: إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# نوێژی خۆرگیران ومانگ گیران

الخسوف: واتە: مانگ گیران.

الكسوف: واتە: خۆر گیران.

**حوكمی نوێژی خۆرگیران ومانگ گیران:**

ئەم دوو نوێژە سوننەتێكی جەخت لە سەر كراوە لەسەر هەموو موسڵمانێك پیاو بێت یان ئافرەت ، لە سەفەردا بێت یان لە جێگە و شوێنی خۆی.

**زانینی كاتی خۆرگیران ومانگ گیران :**

ئەم دوو دیاردوەیە كاتی دیاریكراوی خۆیان هەیە، هەروەكو چۆن خۆرو مانگ كاتی هەڵاتن و ئاوابوون ودیارنەمانیان هەیە.

بەپێی یاسای خوای گەورەش خۆرگیران لە كۆتایی مانگدا دەبێت، كاتی مانگ گیرانیش لە دەوری ناوەڕاستی مانگدا ڕوودەدات لە كاتی ( الایام البیض ) دا.

**هۆكارەكانی ئەو دوو دیاردەیە :**

لە كاتی ڕوودانی خۆر گیران، یان مانگ گیران خەڵكی لە مزگەوتەكاندا یان لە ماڵەكاندا دەست بە نوێژكردن دەكەن، لە مزگەوتیش بێت چاكترە، بێگومان بوومەلەرزە و گڕكان وهەورە

تریشقە، هەموو ئەوانە هۆکاری خۆیان هەیە، بەهەمان شێوە خۆر گیران ومانگ گیرانیش هۆکاری سروشتی خۆیان هەیە کە خوای گەورە دروستیان دەکات.

حیکمەتیش ئەوەیە بەندەکان بترسن و بۆلای خوا بگەڕێنەوە.

کاتەکەی: لە سەرەتای دەست پێکردنی ئەو دوو دیاردەیە تاکو تەواو بوونیان.

## چۆنیەتی نوێژی ( کسوف ) و ( خسوف ) :

ئەم نوێژە نەبانگ و نەقامەتی نییە، بەڵام بە رۆژ یان بە شەو هاواری بۆ دەکرێت بە وشەی ( الصلاة جامعة ) یەك جار یان زیاتر.

پێشنوێژ ( الله اكبر ) دەکات و ( الفاتحة ) وسورەتێکی درێژ دەخوێنێت، بەدەنگی بەرز ( جهري ) ئینجا ( ركوع ) ێکی درێژ ئەنجام دەدات .

پاشان هەڵدەسێتەوە ودەڵێت: ( سمع الله لمن حمده ، ربنا ولك الحمد ) وناچێتە کڕنووش ( سجود )، ئینجا سورەتی ( الفاتحة ) دەخوێنێت وسورەتێکی کورتر لە سورەتی ڕکاتی یەکەم دەخوێنی ودیسان دەچێتەوە ( ركوع ) ێکی کورتر لەوەی یەکەم جار وبەرز دەبێتەوە و، پاشان دوو سەجدەی درێژ دەبات، یەکەمیان لە دووەمیان درێژترە ولە نێوانیاندا دادەنیشێت وهەڵدەستێتەوە بۆ رکاتێکی تر وەکو شێوازی

ڕکاتی یەکەم، بەڵام کورتتر، ئینجا دادەنیشێ بۆ ( التشهد ) و سەلام دەداتەوە.

## چۆنیەتی وتاری نوێژی خۆرگیران:

لە پاش نوێژەکە سوننەت وایە ئیمام وتارێك بخوێنێتەوە وئامۆژگاری خەڵکی تێدا بکات و باسی ئەم ڕووداوە مەزنە بکات و داوایان لێ بکات بە زۆری ڕووبکەنە خواو داوای لێخوشبوونی لێ بکەن.

لە عائیشەوە ڕەزای خوای لێبێت فەرموویەتی:(( خَسَفَتِ الشَّمْسُ فِي عَهْدِ رَسُولِ اللَّه صلى الله عليه وسلم ، فَقَامَ رَسُولُ الله صلى الله عليه وسلم يُصَلِّي، فَأطَالَ القِيَامَ جِدّاً، ثُمَّ رَكَعَ فَأطَالَ الرُّكُوعَ جِدّاً، ثُمَّ رَفَعَ رَأْسَهُ فَأطَالَ القِيَامَ جِدّاً، وَهُوَ دُونَ القِيَامِ الأوَّلِ، ثُمَّ رَكَعَ فَأطَالَ الرُّكُوعَ جِدّاً، وَهُوَ دُونَ الرُّكُوعِ الأولِ، ثُمَّ سَجَدَ.

ثُمَّ قَامَ فَأطَالَ القِيَامَ، وَهُوَ دُونَ القِيَامِ الأوَّلِ، ثُمَّ رَكَعَ فَأطَالَ الرُّكُوعَ، وَهُوَ دُونَ الرُّكُوعِ الأوَّلِ، ثُمَّ رَفَعَ رَأْسَهُ فَقَامَ، فَأطَالَ القِيَامَ، وَهُوَ دُونَ القِيَامِ الأوَّلِ، ثُمَّ رَكَعَ فَأطَالَ الرُّكُوعَ، وَهُوَ دُونَ الرُّكُوعِ الأولِ، ثُمَّ سَجَدَ.

ثُمَّ انْصَرَفَ رَسُولُ اللَّه صلى الله عليه وسلم وَقَدْ تَجَلَّتِ الشَّمْسُ، فَخَطَبَ النَّاسَ فَحَمِدَ الله وَأثْنَى عَلَيْهِ، ثُمَّ قال: «إنَّ الشَّمْسَ وَالقَمَرَ مِنْ آيَاتِ الله، وَإنَّهُمَا لا يَنْخَسِفَانِ لِمَوْتِ أحَدٍ وَلا لِحَيَاتِهِ، فَإذَا رَأيْتُمُوهُمَا فَكَبِّرُوا، وَادْعُوا الله وَصَلُّوا وَتَصَدَّقُوا، يَا أمَّةَ مُحَمَّدٍ! إنْ مِنْ أحَدٍ أغْيَرَ مِنَ الله أنْ يَزْنِيَ

عَبْدُهُ أوْ تَزْنِيَ أمَتُـهُ، يَا أمَّةَ مُـحَـمَّدٍ! وَاللهِ! لَوْ تَعْلَـمُونَ مَا أعْلَـمُ لَبَكَيْتُـمْ كَثِيرًا وَلَضَحِكْتُـمْ قَلِيلا، ألا هَلْ بَلَّغْتُ؟)) متفق عليه.

واته: لەسەردەمی پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم خۆرگیرا، جا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هەڵسا بۆ نوێژکردن وزۆر ڕاوەستانی تێدا دڕێژکردەوە، ئینجا چووە ڕکوع وزۆر درێژی کردەوە، ئینجا سەری بەرزکردەوە و زۆر بەپێەوە ڕاوەستا، بەڵام لە ڕاوەستانی یەکەم جاری کورتتر بوو، ئینجا جارێکی تر چووە ڕکوع و زۆر درێژی کردەوە بەڵام کورتتر لەیەکەم ڕکوع ودوای ئەوە ڕۆیشتە ( سجود ).

ئینجا هەستایەوە بە درێژی ڕاوەستا بەڵام نەك ئەوەندەی ڕاوەستانی یەکەم جار، ئینجا چووە ڕکوع ودرێژی کردەوە بەڵام نەك ئەوەندەی ڕکوعی یەکەم جار، ئینجا سەری بەرز کردەوە و ڕاوەستانێکی درێژ ڕاوەستا بەڵام کەمتر لە ڕاوەستانی ڕکاتی یەکەم، دواتر چووە رکوع و درێژی کردەوە بەڵام کورتر لە رکوعی یەکەم و چووە سوجدە.

دواتر پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ڕویشت و خۆر دەرکەوتەوە، ئینجا وتارێکی ئاراستەی موسڵمانان کرد وسوپاس وستایشی خوای گەورەی کردو فەرمووی: خۆر ومانگ دوو نیشانەن لە نیشانەکانی خوای گەورە لەبەر مردن وله دایکبوونی هیچ کەسێکیش ناگیردرێن، جا ئەگەر ئەوەتان بینی ( الله اکبر ) بکەن و لە خوا بپاڕێنەوە ونوێژ بکەن و ماڵ ببەخشن، ئەی ئوممەتی موحەممەد، کەس لە خوا بەغیرەت تر نیە ئەگەر کوێلەی کەسێکتان داوێن پیسی بکات، ئەی

ئوممەتی موحەممەدا! سوێند بە زاتی خوا! ئەگەر ئەوەی من دەیزانم ئێوە بتانزانیایە، زۆر دەگریان و کەم پێدەکەنین، ئایا پێم ڕاگەیاندن؟

## گێڕانەوەی ئەو نوێژە:

ئەگەر کەسێك فریای ڕکاتێك بکەوێت لەو نوێژە ئەوا فریای نوێژەکە کەوتووە، ئینجا ئەگەر خۆرگیران تەواو بوو نوێژەکەی بە قەزا نا درێتەوە.

ئەگەر لەو کاتەی موسڵمانان لە نوێژدا بوون خۆر دەرکەوت، پێویستە نوێژەکەیان کورت بکەنەوە و بەسووکی تەواوی بکەن، ئەگەر لە نوێژەکەشیان بوونەوە هێشتا خۆر دەرنەکەوتبوو پێویستە بپاڕێنەوە و( الله اكبر ) بکەن و خێر بکەن تاکو ئەو کاتەی ئەو دیاردەیە تەواو دەبێت.

## تێگەیشتن لە خۆرگیران:

دیاردەی خۆر گیران پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت بە دڵسۆزی یەکتاپەرستی بۆ خوا ئەنجام بدات و ڕوو بکاتە خواپەرستن و لەتاوان دوور بکەوێتەوە.

١-خوای گەورە دەفەرموێت: {وَمَا نُرۡسِلُ بِٱلۡأٓيَٰتِ إِلَّا تَخۡوِيفٗا} [الإسراء/٥٩].

٢-لە ئەبو مەسعودی ئەنصارییەوە ڕەزای خوای لێبێت فەرموویەتی: پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی:

((إِنَّ الشَّمْسَ وَالقَمَرَ آيَتَانِ مِنْ آيَاتِ اللهِ يُخَوِّفُ اللهُ بِهِمَا عِبَادَهُ، وَإِنَّهُمَا لا يَنْكَسِفَانِ لِمَوتِ أحَدٍ مِنَ النَّاسِ، فَإِذَا رَأَيْتُمْ مِنْهُمَا شَيْئاً فَصَلُّوا وَادْعُوا اللهَ حَتَّى يُكْشَفَ مَا بِكُمْ)) متفق عليه.

واته: خۆر ومانگ دوو نیشانەن لە نیشانەکانی خوای گەورە لەبەر مردنی هیچ کەسێك ناگیردرێن، خوای گەورە بەندەکانی پێ دەترسێنی، جا ئەگەر ئەو دیاردەیەتان بینی نوێژ بکەن و نزا وپاڕانەوە بکەن تاکو خوای گەورە ئەوەتان لەسەر لابدات.

**حوکمی نوێژی ( الآيات ):**

سوننەت وایە ئەم نوێژە ئەنجام بدرێت بە چوار ( رکوع ) و چوار ( سجود ) لە هەموو رکاتێکدا دوو ( رکوع ) و دوو ( سجود ) ی تێدایە، ( آيات ) یش مەبەست لە بوومە لەرزە ولافاو گڕکان وکارەسات وشتی لەو جۆرە.

# هاوەڵ بۆ خوا دانان

[ کردي – کوردی – kurdish ]

موحەممەد ئیبراهیم ئەلتویجری

سەرچاوەی بابەت: مختصر الفقه الإسلامي

**وەرگێڕانی:** ئیحسان بورهان الدین

**پێداچونەوەی :** پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٢ - ٢٠١١

IslamHouse.com

# ﴿ الشرك ﴾

« باللغة الكردية »

محمد بن إبراهيم التويجري

مصدر: كتاب مختصر الفقه الإسلامي

ترجمة: إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# هاوەڵ بۆ خوا دانان

الشرك: واتە: هاوەڵێك بۆ خوای گەورە پەیدا بكەیت لە پەروەردگارێتی یان لە خوایەتی یان لە ناو و سیفەتەكانی، ئەگەر بێتو مروڤێك باوەڕی وابێت لەگەڵ خوای گەورەدا پەروەردگارێكی تر یان یارمەتیدەرێكی هەیە ئەو كەسە بە موشریك دادەنرێت، هەركێ باوەڕی وابێت كەسێكی تر هەیە جگە لەخوای گەورە شایەنی پەرستنە ئەوكەسە موشریكە، هەركەسێك باوەڕی وابێت خوای گەورە هاوشێوەیەكی هەیە لە ناو و سیفەتەكانیدا ئەو كەسە موشریكە.

- **ترسناكیی هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردان:**

١-    هاوەڵ بۆ خوا پەیداكردن ستەمێكی گەورەیە، چونكە دەست درێژیە لەسەر مافی تایبەت بەخوای گەورەوە كە یەكتاپەرستیە، یەكتاپەرستی ئەوپەڕی دادگەرییە، هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردانیش گەورەترین ستەم و ناشیرینترین كارە، چونكە كەمكردنەوەیە بۆ پەروەردگاری جیهانەكان و خۆبەزلزانینە لە گوێڕایەڵی كردنی، پێدانی ئەو مافەیە بۆ كەسێكی تر و، هاوتاكردنەوەی كەسێكی ترە بە زاتی ئەو پەروەردگارە مەزنە، ئینجا لەبەر گەورەیی و ترسناكی ئەم كردەوەیە هەركێ بەو شێوە بچێتە لای پەروەردگاری، خوای گەورە لە گوناهەكانی خۆش نابێت و، وەكو فەرموویەتی: (إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدِ افْتَرَى إِثْمًا عَظِيمًا) النساء.٤٨

٢-    هاوەڵ بۆ خوا دانان گەورەترین گوناهە، چونكە هەركێ جگە لە خوای گەورە كەسێكی تر بپەرستێت ئەوە خواپەرستنی لەجێگەی نەشیاوی خۆیدا داناوە و، داوێتی بەكەسی ناشایستەی خۆی، ئەوەش بێ گومان ستەمێكی گەورەیە و، وەكو خوای مەزن دەفەرموێت: (إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ) لقمان١٣.

٣-    هاوەڵ بۆخوا دانانی گەورە (الشرك الأكبر) هەڵوەشێنەرەوەیە بۆ هەموو كردەوەكان، هۆكاری تیاچوون و خەسارۆمەندیشە بۆ بەندە، یەكێكە لە گەورەترین گوناهەكانیش:

١- خواى گەورە دەفەرموێت: (وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ) الزمر .٦٥

٢- له (أبى بكر)ەوە ڕەزاى خواى لێبێت فەرموویەتى: پێغەمبەر درودى خواى لەسەر بێت فەرموویەتى: «ألا أُنَبِّئُكُمْ بِأكْبَرِ الكَبَائِرِ؟» ثَلاثاً، قالُوا: بلَى يَا رَسُولَ اللهِ، قَالَ: «الإشْرَاكُ بِاللهِ، وَعُقُوقُ الوَالِدَيْنِ»، وَجَلَسَ وَكَانَ مُتَّكِئاً «ألا وَقَوْلُ الزُّورِ» قَالَ: فَمَا زَالَ يُكَرِّرُهَا حَتَّى قُلْنَا: لَيْتَهُ سَكَتَ. متفق عليه.

واتە: ئایا هەواڵتان پێ بدەم دەربارەی گەورەترین تاوان؟ سێ جار، وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی: هاوەڵ بۆ خوا دانان و خراپەکردن بەرانبەر دایك و باوك، ئینجا دانیشت لەپاش ئەوەی ڕاکشابوو فەرمووی: بەڵێ شایەتی درۆیش، ئەوەندە دووبارەی کردەوە تاکو وتمان خۆزگە بێ دەنگ بوایە.

- **خراپی و ناشیرینی هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردان:**

خوای گەورە باسی چوار خراپی هاوەڵ بۆخوا دانانی کردووە لە چوار ئایەتدا و فەرموویەتی:

١- (إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدِ افْتَرَى إِثْمًا عَظِيمًا) نساء.٤٨

٢- (وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا بَعِيدًا) النساء .١١٦

٣- (إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ) المائدة.٧٢

٤- (وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاءِ فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ أَوْ تَهْوِي بِهِ الرِّيحُ فِي مَكَانٍ سَحِيقٍ) الحج ٣١.

- **سزای ئەو کەسانەی هاوەڵ بۆ خوا بڕیار دەدەن:**

١- خوای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيُرِيدُونَ أَنْ يُفَرِّقُوا بَيْنَ اللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَنْ يَتَّخِذُوا بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلًا (١٥٠) أُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ حَقًّا وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُهِينًا) النساء ١٥٠-.١٥١

٢- لە (عبد الله بن مسعود)ەوە ڕەزای خوای لێبێت فەرموویەتی: پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت فەرموویەتی: «مَنْ مَاتَ وَهُوَ يَدْعُو مِنْ دُونِ اللهِ نِدّاً دَخَلَ النَّارَ». متفق عليه

واتە: هەرکێ بمرێت و هاواری بەکەسێك جگە لەخوای گەورە کردبێت دەچێتە دۆزخەوە.

**بناغەی هاوەڵ بۆ خوا دانان:**

بناغە و بنچینەی ئەو کارە نابەجێیە پەیوەست بوونە بە جگە لەخوای گەورە، هەرکەسێك پەیوەستبێتە کەسێکەوە جگە لەخوای گەورە، خوای گەورە دەیداتە دەستی ئەو کەسەوە و سزای دەدات و پشتی بەردەدات و، ئەو کەسە دەبێتە کەسێکی سەرزەنشت کراو و پشت بەرداو و بێ پشت و پەنا، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: (لَا تَجْعَلْ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ فَتَقْعُدَ مَذْمُومًا مَخْذُولًا) الإسراء ٢٢.

- **تێگەیشتن لە تاوانی شەریك بۆ خوا بڕیاردان:**

هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردان لە ناو و سیفەتەکانیدا... یان لە حوکمدا، یان لەپەرستراویدا، هەموو ئەم بەشانە هاوەڵدانانە بۆ خوای گەورە.

یەکەمیان هاوەڵ دانانە لە پەروەردگارێتیدا، دووەمیشیان لە گوێڕایەڵیدا، سێیەمیشیان لە پەرستندا.
خوای پەروەردگار خۆی پەروەردگاری بەرز و مەزنە و بەتەنها خۆی داهێنەری هەموو شتێکە.
هاوەڵ بۆ خوا دانان لە حوکمکردنیدا وەکو هاوەڵ دانانە لە پەرستنیدا، هەردوکیان شیرکی دەرکەرن لە ئایینی ئیسلام، چونکە پەرستنی تەنها مافی خوای گەورە خۆیەتی بەبێ هیچ هاوەڵێك، وەکو فەرموویەتی: (فَمَنْ كَانَ يَرْجُوا لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا) الكهف١١٠، حوکمکردنیش تەنها مافی خوای گەورەیە وەکو فەرموویەتی: (قُلِ اللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا لَبِثُوا لَهُ غَيْبُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ أَبْصِرْ بِهِ وَأَسْمِعْ مَا لَهُمْ مِنْ دُونِهِ مِنْ وَلِيٍّ وَلَا يُشْرِكُ فِي حُكْمِهِ أَحَدًا) الكهف٢٦، هەرکەسێکیش شوێنی ڕیسا و ڕێبازێك بکەوێت جگە لەوەی خوای گەورە دایبەزاندووە ئەوە کوفر و بێ باوەڕیە بە خوای گەورە، پەروەردگاری ئەو کەسەش ئەو ڕێسا و یاسایەیە کە ئیبلیس لەسەر زاری لایەنگرانی دایناوە لە بێ باوەڕان وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: (اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا إِلَهًا وَاحِدًا لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ) التوبە٣١.
پەرستنی شەیتانیش بریتییە لە شوێنکەوتنی یاسا و ڕێسای شەریعەتەکەی، کە خەڵکی پێ ڕادەکێشێتە ناو شیرك و بێ باوەڕیەوە.
خوای گەورەش لەم دوژمنە وریای کردینەتەوە بەوەی کە فەرموویەتی:
(أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَا بَنِي آدَمَ أَنْ لَا تَعْبُدُوا الشَّيْطَانَ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُبِينٌ (٦٠) وَأَنِ اعْبُدُونِي هَذَا صِرَاطٌ مُسْتَقِيمٌ) یس٦٠-٦١.
ئەو بێ باوەڕانەش کە کڕنووش بۆ بۆ بتەکان دەبەن بێ باوەڕ و خراپەکارن، جا ئەگەر حوکمی خوای گەورەشیان گۆڕی و بوونە شوێنکەوتووی شەریعەتی شەیتان ئەوە بێ باوەڕیەکی ترە زیاد لەسەر بێ باوەڕیەکەی یەکەم جاریان وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّمَا النَّسِيءُ زِيَادَةٌ فِي الْكُفْرِ يُضَلُّ بِهِ الَّذِينَ كَفَرُوا يُحِلُّونَهُ عَامًا وَيُحَرِّمُونَهُ عَامًا لِيُوَاطِئُوا عِدَّةَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ فَيُحِلُّوا مَا حَرَّمَ اللَّهُ زُيِّنَ لَهُمْ سُوءُ أَعْمَالِهِمْ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ) التوبة ٣٧.

**بەشەکانی هاوەڵ بۆ خوا دانان:**

- هاوەڵ بۆ خوا دانان دوو جۆرە: گەورە و بچووك.

**١- هاوەڵ بۆخوا دانانی گەورە:** کە ئەنجامدەری لە ئیسلام دەردەکات و هەرچی کردەوەکانی هەیە هەڵیدەوەشێنێتەوە و، خوێنی خاوەنەکەی حەلێڵ دەکات و، بە هەمیشەیی لە دۆزەخدا دەمێنێتەوە ئەگەر بمرێت بەبێ گەڕانەوە بۆ لای خوا و پاشگەزبوونەوە لەو کارانەی، ئەو جۆرە شیرکە بریتیە لە ئاراستەکردنی پەرستن یان هەندێکی بۆ کەسێك جگە لەخوای گەورە ، وەکو هاوار کردن بە کەسێك جگە لەخوای گەورە و قوربانی کردن و نەزر کردن و هاوارکردن بە کەسێك بۆ کارێك کە تەنها لە توانای خوای گەورەدایە، وەکو داوای دەوڵەمەندی و چاکبوونەوە لە نەخۆشی و باران بارین و کاری لەو جۆرە کە نەفامە گۆڕپەرستەکان لەلای گۆڕی پیاوچاکاندا ئەنجامی دەدەن، یان لەلای بت و دار و بەرد و شتی تر.

چەند نمونەیەك لە شیركی گەورە:
١- ترس لەكەسێك جگە لەخوای گەورە: وەكو ئەوەی بترسێت لە بەردێك یان بتێك یان تاغووت و مردوو و نادیار و جنۆكە و مرۆڤێك كە زیانی پێ بگەیەنن.
ئەم جۆرە ترسە لە بەرزترین پلە و پایەكانە، بۆیە هەركێ ئەو ترسە تایبەت بكات بە كەسێك جگە لە خوای گەورە هاوەڵی بۆ خوا داناوە و تووشی (الشرك الأكبر) بووە، خوای گەورە دەفەرموێت: (فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ)آل عمران ١٧٥.
٢- پشت بەستن بە كەسێك جگە لەخوای گەورە: پشت بەستن بە خوای گەورە لە هەموو كاروبارەكاندا و لە هەموو بارودۆخەكاندا یەكێكە لە گەورەترین خوا پەرستنەكان كە پێویستە تەنها ئاراستەی خوای گەورە بكرێت، هەركێ پشت بەكەسێ ببەستێت جگە لە خوای گەورە لە شتێكدا كە تەنها لەتوانای خوای گەورەیە وەكو پشت بەستن بە مردووەكان و نادیارەكان بۆ دوورخستنەوەی زیان و، بەدەستهێنانی سوود و ڕۆزی، ئەو كەسە هاوەڵ بۆخوادانانی هەرە گەورەی ئەنجام داوە.
خوای گەورە دەفەرموێت: (وَعَلَى اللَّهِ فَتَوَكَّلُوا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ) المائدة ٢٣.
٣- هاوەڵ بۆ خوا دانان لە خۆشەویستیدا: خۆشویستنی خوای گەورە پێویستە هاوكات لەگەڵ ئەوپەڕی ملكەچی و گوێڕایەڵیدا بێت ، پێویستە پاك و بێ گەرد بێت و نابێت هیچ كەسێكی تری تێدا بەشدار بێت، هەركێ شتێكی لەگەڵ خوای گەورە وەكو ئەو خۆشویست ئەوە هاوەڵی بۆ خوا داناوە لە خۆشەویستی و مەزنڕاگرتنی پەروەردگار.
خوای گەورە دەفەرموێت: (وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَتَّخِذُ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَنْدَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِلَّهِ) البقرة ١٦٥.
٤- هاوەڵ بۆ خوا دانان لە گوێڕایەڵیدا: وەكو گوێڕایەڵیكردنی زانا و سەركردە و فەرمانڕەوا و سەرۆكەكاندا لە حەڵێڵ كردن و حەرام كردن، لە قەدەغە كردنی ئەوەی كە خوای گەورە حەڵێڵی كردووە یان بە پێچەوانەوە، هەركێ گوێڕایەڵی ئەوجۆرە كەسانە بكات ئەوانی كردووە بە هاوبەش لەگەڵ خوای گەورە لە شەریعەت داناندا، ئەوەش شیركی هەرەگەورەی پێ دەوترێت.
خوای گەورە دەفەرموێت: (اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا إِلَهًا وَاحِدًا لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ) التوبە٣١.

- **بەشەكانی نیفاق:**

١- نیفاقی گەورە: كە بریتی یە لە نیفاقی بیروباوەڕ بەوەی كە كەسێك بە ڕواڵەت موسوڵمانی پیشان بدات و لەناخەوە بێ باوەڕ بێت، ئەوكەسەی ئەمە حاڵی بێت كافرە و لە بنی بنەوەی دۆزەخدایە.
خوای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الْأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ وَلَنْ تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا) النساء١٤٥.
٢- نیفاقی بچوك: كە بریتیە لە نیفاق لە كردەوەكان و شتی لەو شێوە، ئەنجامدەریشی لە ئایینی ئیسلام دەرناچێت بەڵێم بە یاخی بوو لە خوا و پێغەمبەر دادەنرێت.

له عەبدوڵای کوری عەمر ڕەزای خوای لێبێت هاتووە کە پێغەمبەر درووودی خوای لەسەر بێت فەرموویەتی: «أربَعٌ مَنْ كُنّ فِيـهِ كَانَ مُنَافِقاً خَالِصاً، وَمَنْ كَانَتْ فِيهِ خَصْلَةٌ مِنْهُنَّ كَانَتْ فِيْـهِ خَصْلَةٌ مِنَ النِّفَاقِ حَتَّى يَدَعَهَا: إذَا ائْتُمِنَ خَانَ، وَإذَا حَدَّثَ كَذَبَ، وَإذَا عَاهَدَ غَدَرَ، وَإذَا خَاصَمَ فَجَرَ» متفق عليه.

واتە: چوار شت هەیە لەهەرکەسێکدا هەبێت موونافیقی تەواوە، هەرکەسێکیش یەکێکی تێدا بێت بەشێك لە موونافیقی تێدایە، تاوەکو ئەوکاتەی وازی لێ ئەهێنێت: ئەگەر متمانەی پێ بکرێت ناپاکی دەکات، ئەگەر قسەش بکات درۆی تێدا دەکات، ئەگەر پەیمان بدات پەیمانەکەی دەشکێنێت، لەکاتی مشت و مڕیشدا بێ ئاپرووە.

**٢- هاوەڵ بۆ خوادانانی بچووك:** ئەم جۆرە لە شەرعدا ناونراوە (شرك)، بەڵام ناگاتە ئاستی (الشرك الأكبر) لە یەکتاپەرستی کەم دەکاتەوە بەڵێم خاوەنەکەی لە ئیسلام دەرناکات، بە ڕێگەیەکیش دادەنرێت بۆ شیرکی گەورە، حوکمی ئەنجامدانیشی وەکو حوکمی تاوانبارە یەکتاپەرستەکانە و، خوێ، و ماڵی پارێزراوە.

هاوەڵ بۆ خوا دانانی گەورە هەڵوەشێنەرەوەی هەموو کردەوەکانە.

بەڵام هاوەڵ بۆ خوادانانی بچووك (الشرك الأصغر) هەڵوەشێنەرەوەیە بۆ خودی ئەو کردەوەیە کە ئەنجامی داوە، وەکو ئەوەی کردەوەیەکی کردبێت مەبەستی سوپاس و ستایشی خەڵکی بێت، بۆ نموونە نوێژەکەی زۆر بە جوانی ئەنجام دابێت یان بەخشینی کردبێت یان نوێژەکەی زۆر بەجوانی کردبێت یان ڕۆژووی گرتبێت بەمەبەستی ئەوەی خەڵکی تەماشای بکەن یان گوێی لێبگرین یان ستایشی بکەن، ئەمە ڕووپامایيە و کردەوەکە هەڵدەوەشێنێتەوە.

لەقورئانی پیرۆزیشدا وشەی شیرك هەمیشە بە واتای شیرکی گەورە هاتووە، بەڵام جۆری بچووك لە سوننەتی (متواتر)دا باسکراوە.

١- خوای گەورە دەفەرموێت: (قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ يُوحَى إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ فَمَنْ كَانَ يَرْجُوا لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا)الكهف.١١٠

٢- لە (ابو هريره) ڕەزای خوای لێبێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر درووودی خوای لەسەر بێت فەرموویەتی: ((قَالَ اللَّهُ تَـبَارَكَ وتَعَالَي أَنَا أَغْنَى الشُّرَكَاءِ عَنِ الشِّرْكِ مَنْ عَمِلَ عَمَلاً أَشْرَكَ فِيـهِ مَعِي غَيْرِي تَرَكْتُـهُ وَشِرْكَهُ))أخرجه مسلم.

واتە: خوای گەورە فەرموویەتی: من لە هەموو کەسێك بێ نیازترم لە هاوبەش هەرکێ کردەوەیەك بکات مەبەستی کەسێکی تر بێت لەگەڵمدا وازی لێئەهێنم و خۆی و ئەو کەسەی کردوویەتی بە هاوبەشی من.

- سوێندخواردن بە کەسێك یان شتێك جگە لە خوای گەورە هاوەڵ بۆ خوا دانانی بچووکە، ئەگەر کەسێك بڵێت: ئەوەی خوا و فڵانەکەس بیانەوێت، یان ئەگەر فڵان و خوا نەبوایە، یان ئەمە لە خوا و لە تۆوە بوو، یان کەسم نیە جگە لە خوا و فڵانە کەس و قسەی لەو شێوە، هەمووی ئەمانە بە (الشرك الأصغر) دادەنرێت، پێویستە ئەو کەسە بڵێت: ئەوەی خوای گەورە ویستی لەپاش ئەو فڵانەکەس ویستی.

٣-	ڕەشبینی و شووم تەماشاکردن لەکاتی بینینی هەندێك باڵندە یان کەس یان جێگە و شتی لەو شێوە، ئەوەش هاوبەش بۆ خوا پڕیاردانە، چونکە وابەستەبوونە بە شتێك یان کەسێك جگە لە خوای گەورە، واتە: باوەڕی وابێت زیانێکی لەکەسێکەوە بەرکەوێت لەکاتێکدا ئەو کەسە بۆخۆیشی هیچ زیان و سوودێکی بەدەست نیە، ئەوەش لە گومان و وەسوەسەی شەیتانە و ناکۆکە لەگەڵ پشت بەخوا بەستن.
٤-	بەپیرۆز تەماشاکردنی دار و کەس و شوێنەوار و گۆڕ و شتی لەو شێوە، بۆیە بە پیرۆز تەماشاکردن و تکاکردن و باوەڕبوون بەو جۆرە شتانەهاوەڵ بۆ خوا پڕیاردانە، چونکە پەیوەست بوون و چاوەڕوانی پیرۆزیە لە کەسێکەوە جگە لە خوای گەورە.
٥-	جادوو: بریتی یە لەو شتەی کە شاراوەیە و هۆکارەکەی نادیارە، وەکو نوشتە و جۆرێك لە قسەکردن و دەرمان، ئیتر کاریگەری دەبێت لەسەر دڵ و لاشە، لەوانەیە ببێتە مایەی نەخۆشی و کوشتن، یان جیاکردنەوەی نێوان ژن و مێرد، ئەوانەش کردەوەیەکی شەیتانین.
جادوو هاوەڵ بۆ خوا دانانە، چونکە پەیوەست بوونی تێدایە بە کەسێك جگە لە خوای گەورە وەکو شەیتانەکان، هەروەها بەهۆی بانگەشەکردن بۆزانینی زانستی شاراوە.
یەکێکیش لە جۆرەکانی جادوو: (سیرك)ە، کە نمایش دەکرێت لەسەر شانۆ و کەناڵەکان، ئەوکردارەش حەرامە ئەنجام بدرێت یان تەماشا بکرێت یان پارەی بۆ خەرج بکرێت، یان بکرێتە هۆکارێك بۆ ماڵ بەدەست هێنان.
خوای گەورە دەفەرموێت: (وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ وَلَكِنَّ الشَّيَاطِينَ كَفَرُوا يُعَلِّمُونَ النَّاسَ السِّحْرَ)البقرة.١٠٢
٦-	ڕمڵ لێدان و جادووگەری: کە بریتی یە لە بانگەشەکردنی زانینی زانستی نادیار وەکو هەواڵ دان دەربارەی ئەو شتانەی کە ڕوودەدەن لەسەر زەویدا بە پشت بەستن بە شەیتانەکان، ئەوەش هاوەڵ بۆ خوا پڕیاردانە، چونکە نزیکبوونەوەی تێدایە لە کەسێك جگە لە خوای گەورە و، بانگەشەی ئەوە لەخۆ دەگرێت کە کەسانێك دەتوانن هاوبەشی زانستی خوای گەورە بن.
(أبو هريرة) ڕەزای خوای لێبێت لە پێغەمبەر ێلی الله علیه وسلم دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((مَنْ أتَى كَاهِناً أوْ عَرَّافاً فَصَدَّقَهُ بِمَا يَقُولُ فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّدٍ)) أخرجه أحمد والحاكم.
واتە: هەرکێ بچێتە لای ڕمڵ لێدەرێك یان فاڵچیەك و باوەڕ بە قسەکانی بکات، ئەو کەسە بێ باوەڕ بووە بەوەی کە بەسەر موحەممەد دا ێلی الله علیه وسلم دابەزیوە.
٧-	ئەستێرەناسی: واتە ئاماژە وەرگرتن لەبارودۆخی گەردوونیی لەسەر ڕووداوەکانی سەرزەوی، وەکو کاتەکانی هەڵکردنی با و باران بارین و، کەوتنەوەی نەخۆشی و مردن و، پەیدابوونی سەرما و گەرما و، بەرزبوونەوەی نرخ و شتی هاوشێوە، هەموو ئەوانە هاوەڵ بۆ خوا دانانە، چونکە جۆرێك لە هاوبەش پەیداکردن بۆ خوای گەورەی تێدایە لە هەڵسووڕاندنی گەردوون و زانستی غەیبدا.

٨- چاوەڕوانی باران بارین بە جووڵەی ئەستێرەکان: بۆنمونە بڵێت: بەهۆی فڵانە ئەستێرەوە بارانمان بۆ باری، بارانەکە دەداتە پاڵی ئەستێرەکە نەك خوای گەورە، ئەوە هاوەڵ بۆ خوا پڕیاردانە، چونکە باران بارین تەنها بەدەستی خوای گەورەیە نەك هیچ کەس و شتێکی تر.

٩- نیعمەتێك بدرێتە پاڵ کەسێك جگە لەخوای گەورە، چونکە هەموو نیعمەتێك لە دونیاو لە قیامەتدا لەلای خواوەیە، بۆیە هەرکێ بیداتە پاڵ کەسێکی تر ئەو کەسە بێ باوەڕی کردووە و هاوەڵی بۆ خوا داناوە، وەکو ئەوەی کەسێك مەسەلەی دەوڵەمەندی یان چاکبوونەوە لەنەخۆشی بداتە پاڵ کەسێکی دیارکراو جگە لە خوای گەورە، یان نیعمەتی ڕێکردن و سەلامەتی لە وشکانی و دەریا و ئاسماندا بداتە پاڵ شۆفێر و کەشتیوان و فڕۆکەوان، یان بڵێ ئەم نیعمەتانە و ئەم هێمنیە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت یان کەسەکان یان بۆ ئاڵا و شتی لەو شێوە.

پێویستە هەموو نیعمەتەکان تەنها لەخواوە بزانرێت و تەنها سوپاسی ئەویش بکریت ،ئەوەش کە ڕوودەدات لەسەر دەستی هەندێك لەخەڵکی ،ئەوانە تەنها هۆکارن لەوانەیە بەڕووبوومیان هەبێت و لەوانەیە نەیانبێت.

خوای گەورە دەفەرموێت: (وَمَا بِكُمْ مِنْ نِعْمَةٍ فَمِنَ اللَّهِ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فَإِلَيْهِ تَجْأَرُونَ) النحل٥٣.

# تەیەممومم کردن

[ کردي – کوردی – kurdish ]

موحەممەد ئیبراهیم ئەلتویجری

**وەرگێڕانی:** ئیحسان بورهان الدین

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ التيمم ﴾

« باللغة الكردية »

محمد بن إبراهيم التويجري

ترجمة: إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# تەیەمموم کردن

( **التيمم** ) واتە: ئەنجامدانی خواپەرستی بەوەی بەھەردوو دەستت بە سەر خۆڵێکی پاکدا بدەیت بەنیازی ئەوەی بتوانیت نوێژ وخواپەرستنی تر ئەنجام بدەیت.

تەیەمموم یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئوممەتی ئیسلامی کە لە جیاتی خۆ پاراو کردنەوەیە بە ئاو.

لە جابیری کوڕی عبداللە ڕەزای خوای لێبێت کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی:((أُعْطِيتُ خَمْسًا لَمْ يُعْطَهُنَّ أَحَدٌ قَبْلِي نُصِرْتُ بِالرُّعْبِ مَسِيرَةَ شَهْرٍ وَجُعِلَتْ لِيَ الْأَرْضُ مَسْجِدًا وَطَهُورًا فَأَيُّمَا رَجُلٍ مِنْ أُمَّتِي أَدْرَكَتْهُ الصَّلَاةُ فَلْيُصَلِّ وَأُحِلَّتْ لِيَ الْمَغَانِمُ وَلَمْ تَحِلَّ لِأَحَدٍ قَبْلِي وَأُعْطِيتُ الشَّفَاعَةَ وَكَانَ النَّبِيُّ يُبْعَثُ إِلَى قَوْمِهِ خَاصَّةً وَبُعِثْتُ إِلَى النَّاسِ عَامَّةً)) . متفق عليه.

واتە: ... ھەروەھا زەویم بۆ کراوەتە مزگەوت وپاککەرەوە، بۆیە ھەرکەسێك کاتی نوێژی بەسەردا ھات نوێژی خۆی بکات...

**حوکمی تەیەمموم:**

ئەو کەسەی کە تووشی ( حدث )ی بچووك یان گەورە بووە وئاوی دەست ناکەوێت، ئیتر ئایا لەبەر دەستی نەبێت یان زیانی پێ بگات بە بەکار ھێنانی، یان توانای نەبێت بەکاری بھێنێت.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِن كُنتُم مَّرۡضَىٰٓ أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوۡ جَآءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ ٱلۡغَآئِطِ أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءً فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُم مِّنۡهُۚ مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجۡعَلَ عَلَيۡكُم مِّنۡ حَرَجٍ وَلَٰكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمۡ وَلِيُتِمَّ نِعۡمَتَهُۥ عَلَيۡكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ﴾ المائدة: ٦.

**ئەوەی کە دەگونجێت تەیەمومی پێ بکرێت:** تەیەمموم کردن دروستە بە هەموو شتێکی سەر زەوی وەکو خۆڵ وبەرد وگڵی تەر یان وشك.

**چۆنیەتی تەیەمموم:**

نیەت بهێنێت وبەناوی هەردوو لەپی لەسەر زەوی بدات وئینجا فووی پێدا بکات بۆ ئەوەی تۆزەکەی کەم بکاتەوە وئینجا دەم وچاو وهەردوو دەستی خۆی پێ بسڕێت، پشتی دەستی ڕاستی بەناوی دەستی چەپی بسڕێت وپشتی دەستی چەپی بەناوی دەستی ڕاستی بسڕێت، جارجارەش سڕینی هەردوو دەستی پێش بخاتە سەر دەم وچاویدا.

١- لە ( عبدالرحمن بن ئەبزی ) لە باوکی یەوە هاتووە کە فەرموویەتی: پیاوێك هاتە لای عومەری کوڕی خەتتاب و وتی: لەشگران بووم وئاوم دەست نەکەوت، ئیتر عەمماری کوڕی یاسر بە عومەری فەرموو ئایا لە بیرت نییە جارێکیان لەگەشتێکدا بووین من و تۆ، تۆ نوێژت نەکرد و من هەموو جەستەی خۆمم کرد بەخۆڵەوە، ئەوەمان باسکرد بۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم و، ئەویش فەرمووی: (( إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيكَ هَكَذَا )) واتە: بەس بوو هەردوو دەستت

لەسەر زەوی بدایە و فووت پێدا بکردایە وبە روخسارتدا بهێنایە. متفق علیە.

٢- لە عەممارەوە دەربارەی چۆنیەتی تەیەمموم هاتووە کە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم فەرموویەتی: (( إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيكَ أَنْ تَصْنَعَ هَكَذَا ))

واتە: بەست بوو ئاوهات بکردایە، ئینجا دەستی کێشا بەزەویدا وتەکانی ئینجا هێنای بەپشتی دەستی چەپیدا وپاشان هێنای بە ڕوخساریدا. متفق علیە.

## تەیەمموم بۆچی وچی دەبێت؟

ئەگەر نیەتی لابردنی چەند ( حدث ) ێکی لێ بهێنێت، بۆ نمونە میز و پیسایی کردبێت و، لەشیشی گران بووبێت، تەیەممومەکە هەموویان لادەبات.

ئەوەی بەدەستنوێژ دەکرێت ئەنجام بدرێت وەکو نوێژو تەواف وشتی تر بە تەیەمومیش هەر ئەنجام دەدرێت.

## پووچەڵکەرەوەکانی تەیەمموم:

١- هەبوونی ئاو.

٢- نەمانی پاساو لە نەخۆشی و پێویستی وشتی لەوجۆرە.

٣- یەکێك لە هەڵوەشێنەرەوەکانی دەستنوێژ.

ئەگەر کەسێك ئاوی دەست نەکەوێت وتوانای تەیەممومیشی نەبێت نوێژی خۆی دەکات بەبێ دەستنوێژو تەیەمموم ودووبارەشی ناکاتەوە.

## تەیەمموم بۆ چی دەبێت؟

دروستە تەیەمموم ئەنجام بدرێت بۆ لابردنی ( حدث ) ی بچووك وگەورە.

بەڵام پیسایی ئەگەر لەسەر لاشە بێت یان جل وبەرگ بە تە یەمموم لاناچێت، جا ئەگەر توانای پاککردنەوەی نەبوو، هەر لەسەر ئەو حاڵە نوێژی خۆی دەکات.

ئەوکەسەی برینداربێت وترسی هەبێت بەبەکارهێنانی ئاو زیانی پێ بگات، دەست بەسەر برینەکەدا دەهێنیت، ئەگەر نا تەیەمموم بۆ جێگەی برینەکە دەکات و ئەندامەکانی تر دەشوات.

## ئەگەر کەسێك تەیەمومی کرد ودواتر ئاوی دۆزییەوە چی بکات؟

( له أبو سعيد الخدري ) یەوە ڕەزای خوای لێبێت هاتووە کە فەرموویەتی: دوو کەس لەگەشتێکدا پێکەوە بوون، کاتی نوێژ هات وئاویان پێ نەبوو، ئیتر بە خۆڵێکی پاك تەیەممومیان کرد ونوێژیان کرد، پاشان ئاویان دۆزیەوە پێش تەواو بوونیی کاتی ئەو نوێژە، یەکێکیان نوێژەکەی دووبارە کردەوە بەڵام ئەوی تریان دووبارەی نەکردوە، هاتنە لای پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم و ئەوەیان بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەو کەسەی کە نوێژەکەی دووبارە نەکردبوویەوە فەرمووی:(( أَصَبْتَ السُّنَّةَ وَأَجْزَأَتْكَ صَلَاتُكَ)) واتە: سوننەتت پێکاو نوێژەکەت تەواوە، بەوەش کە

دووبارەی کردبوویەوە فەرمووی:(( لَكَ الأَجْرُ مَرَّتَيْنِ )) واتە: دووجار پاداشتت دەست کەوت. أخرجه أبو داود والنسائي.

# مەترسی هاوبەش بڕیاردان بۆ پەروەردگار و گەورەیی سزاکانی

[ kurdish – کوردی – كردي ]

نووسەر : موحەمەد بن ئیبراهیم ئەلتوەیجری

وەرگێڕان : دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچوونەوە : پشتیوان سابیر عەزیز

2010 - 1431

islamhouse.com

# ﴿خطر الشرك وعقوبة أهله﴾

## « باللغة الكوردية »


الكاتب : محمد بن إبراهيم التويجري

ترجمة : فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز



2010 - 1431

islamhouse.com

## مەترسی هاوبەش پریاردان بۆ پەروەردگار و گەورەیی سزاکانی

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

هاوەڵ پریاردان : بریتی یە لە پریاردانی هاوەڵ وهاوبەش بۆ خوای گەورە لە پەروەردگاریّتی ( الربوبية ) دا یان لەپەرستندا ( الالوهية ) دا یان هاوبەش بۆ پریاردانی لە ناو و صیفەتەکانیدا ( الأسماء و الصفات )، هەرکەسێك باوەڕی وابێت کە جگە لە پەروەردگار یان لەگەڵ پەروەردگاردا کەسێکی تر خالقە یان یارمەتیدەری بەندەکانە، یان باوەڕی وابێت کە کەسێکی تر جگە لەخوای گەورە شایانی پەرستنە بێگومان ئەو کەسە موشریکە ولەریزی هاوبەشدانەرەکاندا دەژمێررێت، وە یان کەسێك باوەڕی وابێت کەسێکی تر جگە لە پەرورەدگاری پاك و بیگەر وباڵادەست خاوەنی ئەو صیفەت وناوە جوانانەیە ئەویش هەر دەچێتە ڕیزی موشریکینەوە .

### مەترسیەکانی هاوبەش بۆ خودا دانان ( الشرك ) :

**یەکەم :** شیرك و هاوبەش بۆ خوا پریاردان گەورەترین گوناهـ وستەمێکە کە مرۆڤ ئەنجامی ئەدات، لەبەر ئەوەی دەستدرێژیە دەکرێتە سەر مافە تایبەتیەکانی پەروەردگار کە ئەویش یەکتاپەرستی ویەکخواناسیە، چونکە یەکتاپەرستی مەزنترین دادپەروەریەکە، وە شیرك و هاوبەش پریاردان گەورەترین زوڵم و ستەم وناشرینترین خراپەیەکە لەبەر ئەوەی لەمەنزلەت و پلەو پایەی خوای گەورە کەمدەکاتەوە، وە ملهوریە لەبەرامبەر گوێرایەڵی دەسەڵاتی پەرستراوی هەق کە خوای گەورەیە و وە پێدانی مافە تایبەتیەکانی ئەو زاتە بەرز وپیرۆزەیە بە کەسانی تر، هەر لەبەر مەترسی گەورەی ئەم تاوان و خراپەیە هەرکەسێك بە موشریکی بگەڕێتەوە بۆ لای خوا بێگومان بەهیچ شێوەیەك لێخۆش بوونی نیە هەروەك قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ( **إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدِ افْتَرَى إِثْمًا عَظِيمًا** ) { النساء : 48 } واتە : بێگومان خوا خۆش نابێت ئەگەر هاوەڵ وهاوبەشی بۆ پریار بدرێت، بێجگە لەوە لە هەر گوناهێکی تر کە بیەوێت خۆش دەبێت، بۆ ئەو هەرکەسێك کە بیەوێت، جا ئەوەی هاوەڵ و شەریك بۆ خوا پریار بدات، ئەوە بەڕاستی تاوانێکی گەورەی هەڵبەستووە .

**دووەم :** شیرك وهاوەش بۆ خوا پریاردان گەورەترین تاوان و خراپەیەکە کە دەرهەق بە زاتی پەروەردگار ئەنجام دەدرێت، چونکە هەرکەسێك غەیری خودا بپەرستێت بەو کارەی عیبادەت و پەرستنی لەجێگایەکی نەشیاو بۆ کەسێکی ناشایستە داناوە وکردووە، ئەمەش زوڵم و ستەمێکی گەورەیە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ( **وَإِذْ قَالَ لُقْمَانُ لِابْنِهِ وَهُوَ يَعِظُهُ يَا بُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ** ) { لقمان : 13 } واتە : بەیاد بکە کاتێ لوقمان بەکورەکەی خۆی گوت و ئەو ئامۆژگاری ئەکرد : کورە شیرینەکەم ! هیچ شت وهیچ کەسێك مەکە بە شەریك و هاوبەشی خوا، بەڕاستی شەریك و هاوبەشدانان بۆ خوا ، ستەمێکی گەورەیە لەهەموو تاوانێك گەورەترە .

**سێهەم :** شیرك وهاوبەشدانانی گەورە ( الشرك الأكبر ) سەرجەم کار وکردەوە چاك وباشەکان دەسڕێتەوە و لەناویان دەبات، و خاوەنەکەی بەرەو و هیلاك و تیاچوون وخەسارۆمەندی دونیا و دواڕۆژ دەبات، چونکە گەورەترین تاوان و گوناهـی ناو تاوانە

گەورەكانە، لەم بارەيەوە خواى گەورە فەرموويەتى : ( وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ ) { الزمر : 65 } واتە : سوێند بەخوا بادڵنيابن كە وەحى و نيگا نێردراوە بۆ تۆو بۆ پێغەمبەرانى پێش تۆش : ئەگەر هاوەڵگەر بيت و شەريك بۆ خوا بڕيار بدەيت كاروكردەوە چاكەكانيشت پووچ دەبێتەوە و دەچيتە ڕيزى خەسارۆمەند و زەرەرمەندانەوە .

ئەبو هورەيرە ( خواى لىٚ ڕازى بێت ) دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووپەتى : ( "أَلَا أُنَبِّئُكُمْ بِأَكبَرِ الكَبَائِرِ ؟ " ثَلَاثاً، قَالُوا : بَلى يَارَسُولَ الله، قَالَ : " الإِشْرَاكُ بِاللهِ، وَعُقُوقُ الوَالِدَيْنِ " وَجلس وَكَانَ مُتَكِئاً " آلَا وَقَولُ الزُّور " قَالَ : فَمَا زَالَ يُكَرِّرُهَا حَتَى قُلْنَا : لَيْتَهُ سَكَتَ ) { مُتَفَقٌ عَلَيهِ } واتە : ئايا هەواڵتان بدەمىٚ بە گەورەترين تاوانى ناو تاوانە گەورەكان؟ ئەوانيش ووتيان : بەڵىٚ ئەى پێغەمبەرى خوا، ئەويش فەرمووى : " هاوەڵ و هاوبەش بۆخوا بڕياردان، و ئازار وسزادان وخراپ مامەڵەكردن لەگەڵ باوك ودايكدا "پێغەمبەرى خوا شانى دادابوو ئەمجا ڕاست بوويەوە و دانيشت وفەرمووى : " شايەتى دان و قسەى درۆش " ئەبو هورەيرە ئەڵێت : پێغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هێندەى دووبارە كردەوە خۆزگەمان دەخواست كە بێدەنگ بێت لێى – مەبەست لەمەش ئەوەيە ئەم تاوانانە هێندە گەورەن لاى خوا پێغەمبەر زۆر دووبارەى كردۆتەوە تاوەكو هاوەڵانى لىٚ ئاگادار بكاتەوە .

**خراپە وخراپيەكانى شيرك و هاوبەش بڕياردان بۆ خواى گەورە :**

پەروەردگارى باڵادەست لەچوار ئايەتى جياجيادا خراپى و خراپەكانى شيرك و هاوبەش بڕيادانانى بۆ باوەڕداران ڕوون كردۆتەوە تاوەكو خۆيان لىٚ بپارێزن ونەكەونە ناويەوە .

**1)** خواى گەورە دەفەرموێت : ( إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا بَعِيدًا ) { النساء : 116 } واتە : بێگومان خوا لەوانە خۆش نابىٚ هاوەڵ و هاوەبەشى بۆدادەنێن، بەڵام تاوان وگوناهى كەمتر لەشيرك پەروەردگار بۆ هەركەسێك خۆى بيەوىٚ وشايستە بێت ئەبورێت، دەسا بزانن كە هەركەسێك شەريك و هاوبەش دابنێت بۆخوا، بەڕاستيى لەڕادەبەدەر گومڕاو سەرلێشێواوە .

**2)** ديسان دەفەرموێت : (...وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدِ افْتَرَى إِثْمًا عَظِيمًا ) { النساء : 48 } واتە : وەهەر كەسێك هاوبەش بۆ خوا دابنێت، بەڕاستيى درۆ و گوناهێكى زۆر گەورەى كردووە .

**3)** هەروەها لەجێگايەكى تردا فەرموويەتى : ( ... مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ ) { المائدة : 72 } واتە : چاك بزانن كە هەركەسێك شەريك و هاوبەش بۆخوا دابنێت، بىٚ شك خوا بەهەشتى لەسەر ياساغ وحەرام دەكات، وجێگا و شوێنى ئاگرى دۆزەخە، ستەمكارانيش هيچ جۆرە يارمەتى دەرێكيان بۆ نييەو ڕزگاريان نابێت، پێغەمبەريش (صلى الله عليه وسلم) لەوبارەيەوە دەفەرموێت: " إنَّ الجَنَّةَ لَا يَدْخُلُهَـا إلّا نَفسٌ مُسْلِمَةَ وفي روايةٍ مُؤمِنَـة " { رواه البخاري } واتە : بێگومان بەهەشت هيچ كەسێكى تىٚ ناچێت موسڵمان نەبێت لە ڕيوايەتێكى تردا هاتووە هيچ كەسێكى تىٚ ناچێت باوەڕدار نەبێت .

**4)** لەئايەتێكى تردا خواى دەگەورە وێناى ئەو كەسانەمان بۆ دەكات كە هاوبەش بۆ خوا بڕيار دەدەن ودەفەرموێت : ( ... وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاءِ فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ أَوْ تَهْوِي بِهِ الرِّيحُ فِي مَكَانٍ سَحِيقٍ ) { الحج : 31 } واتە : هەركەسێك هاوەڵ

و هاوبەش بۆ خوا دابنێت، وەكو ئەوەیە لە ئاسمانەوە بەربێتەوە "بۆ قوڵایی زەویی" كتوپڕ هەر لەهەوادا مەل و پەلەوەر لەسەری ئامادە بێت و بیفڕێنێ و پارچە پارچەی بكات، یاخود بایەكی بەهێز و قورس بیبا بۆ جێگایەكی دوورو چەپەك و ملی بشكێنێ، ئەوە نموونەی كەسێكە هاوەڵ بۆ خوا دابنێ، چونكە لەئاسۆی بەرزی باوەڕەوە ئەكەوێتە چاڵی هەرە خواری تیا چوونەوە و جێگەی قایمی خۆی لەدەست داوەو پەلەوەر سەری تێ ئەكەن .

**سزاي خراپی ئەهلی شیرك و ئەوانەی هاوبەش بۆ خودا پڕیاردەدەن :**

**یەكەم :** بەهەمبشەیی مانەوە لە ئاگری دۆزەخدا وەك دەفەرموێت : ( **إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا أُولَئِكَ هُمْ شَرُّ الْبَرِيَّةِ** ) { البينة : 6 } واتە : بەڕاستی ئەوانەی بێ پرواو كافربوون، لەخاوەن نامەو بتپەرستەكان دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە بەهەتا هەتایی تێیدا ئەمێننەوە، ئا ئەوانە خراپترینی دروستكراوەكانن – چونكە پاش دۆزینەوەی رێگای راســت لایاندا وگومڕا بوون - .

**دووەم :** ئامادەكردنی سزایەكی توند وبەسوێ بۆ هاوبەش دانەران وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ( **إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيُرِيدُونَ أَنْ يُفَرِّقُوا بَيْنَ اللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَنْ يَتَّخِذُوا بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلًا * أُولَئِكَ هُمُ الْكَـافِرُونَ حَقًّا وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُهِينًا** ) { النساء : 150 – 151 } واتە : بێگومان ئەوانەی باوەڕ بە خواو پێغەمبەران ناهێنن و دەیانەوێت جیاوازی بكەن لە نێوان خواو پێغەمبەرەكانیدا (گوایە باوەڕیان بەخوا هەیە بەڵام باوەڕیان بەپێغەمبەران نیە )، (یاخود) دەڵێن: باوەڕ دەهێنین بەهەندێک لە پێغەمبەران و باوەڕ بەهەندێكیان ناهێنین و دەیانەوێت لەو نێوانەدا ڕێگە و بەرنامەیەک بۆ خۆیان بەدەست بهێنن * ئا ئەو كەسانە بەڕاستی هەر بێ باوەڕن و بۆ بێ باوەڕانیش سزایەكی سەر شۆڕكەرمان ئامادەكردوە.

**سێهەم :** عن عبد الله بن مسعود – رضي الله عنه – قالَ : قَالَ النَّبِيُ ( صلى الله عليه وسلم ) : " مَنْ مَاتَ وَهُوَ يَدْعُو مِنْ دُونِ الله نِدّاً دَخَلَ النَّارَ " { مُتَفَقٌ عَلَيهِ } واتە : هەركەسێك بمرێت و ئەو كەسە لەغەیری خودا لەكەسێكی تر پارابێتەوە ئەوە دەچێتە ئاگرەوە .

لەكۆتایدا داواكارم لەپەروەردگاری باڵادەست و میهرەبان و بێ شەریك و بێ هاوەڵ بمانپارێزیت لەهاوبەش پڕیاردان بۆ زاتی هەق تەعالای خۆی وبمانگێرێت لە یەكتاپەرستان وبەبەهەشتی بەرینمان شاد بكات لەگەڵ پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاكاندا ( ئامین یارب العالمین ) .

# یەکتاپەرستی دروشمی ئیسلامە

[ کردي – کوردی – kurdish ]

موحەممەد ئیبراهیم ئەلتویجری
سەرچاوەی بابەت: مختصر الفقه الإسلامي

**وەرگێرانی:** ئیحسان بورهان الدین

**پێداچونەوەی :** پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ التوحيد ﴾

« باللغة الكردية »

محمد بن إبراهيم التويجري

مصدر: كتاب مختصر الفقه الإسلامي

ترجمة: إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 – 1432

IslamHouse.com

# یەکتاپەرستی دروشمی ئیسلامە

**یەکتاپەرستی** واتە: ئەنجامدانی تایبەتمەندی و ئەوەی پێویستە بۆ خوای تاك و تەنها بەوەی کە بەندە دڵنیابێت کە خوای گەورە یەکە و هاوەڵی نییە لە پەروەردگارێتی و خوایەتی و ناو و سیفەتەکانی.

واتاکەی: ئەوەیە بەندە دڵنیا بێت و دان پێدانان دەربڕێت کە خوای گەورە خۆی پەروەردگار و خاوەنی هەموو شتێکە، درووستکەر و هەڵسوڕێنەری هەموو گەردوونە، هەر خۆیشی شایستەی پەرستنە بەبێ هاوەڵ دانان، هەموو پەرستراوێکیش جگە لە ئەو پووچەڵە، هەر خوای گەورەشە هەموو سیفەتەکانی تەواویی و بێ عەیبی لەخۆ گرتووە، پاریزراوە لە هەموو کەموکوریەك، ناوە جوانەکان و سیفەتە بەرزەکانی هەر بۆخۆیەتی.

خوای گەورە دەفەرموێت: {**اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ لَهُ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى**}طه ٨.

**تێگەیشتن لە یەك خوا پەرستی.**

خوای پەروەردگار تەنها و بێ هاوەڵە، هاوشێوەی نیە لە خۆی و ناو و سیفەتەکان و کردارەکانیدا هەرخۆی سەرگەورە و پادشایە و، هەموان بەندەو درووستکراوی ئەون: **{ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ (١) اللَّهُ الصَّمَدُ (٢) لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ (٣) وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ }** الإخلاص ١-٤

خوای گەورە خۆی بەهێزە و جگە لە خۆی لاوازە... بەتوانایە و جگە لە خۆی بێ دەسەڵاتە، گەورەیە و جگە لە خۆی بچووکە، دەوڵەمەندە و هەموان پێویستیان پێیەتی، خاوەن هێز و هەقە و، هەموو پەرستراوێك جگە لەخۆی پووچەڵە، **{ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ هُوَ الْبَاطِلُ وَأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْعَلِيُّ الْكَبِيرُ}** الحج٦٢،

مەزنە و کەسیش نیە لەو مەزنتر، پایەدارە و کەسیش نییە لەو پایەدارتر، گەورەیە و کەسیش نیە لەو گەورە تر، بە بەزەییە و کەسیش نییە لەو بە بەزەیی تر.

پاکی و پاراوی بۆ ئەو زاتە بەهێزەی کە هێزی لەهەموو هێزێکدا درووست کردووە، بەتوانایە و توانینی لە هەموو خاوەن توانایەك دووست کردووە، بە بەزەیی و میهرەبانە کە میهرەبانی بەخشیوەتە هەموو خاوەن سۆز و بەزەییەك، زانایە و فێرکەری هەموو درووستکراوێکە، ڕۆزیدەرە کە پەروەردگاری هەموو ڕۆزی و ڕۆزی پێدراوەکانە، **{ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ فَاعْبُدُوهُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ}** الانعام١٠٢.

پاکی و بیّ عەیبی هەر بۆ خۆیەتی، خوای ڕاستەقینەیە کە تەنها خۆی شایەنی پەرستنە نەك هیچ کەسی تر، شایەنی پەرستنە بەهۆی مەزنی و جوانی و چاکەی زۆری، هەر تەنها خۆیشی خاوەن ناوی جوان و سیفەتی بەرزە: **{ لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ}** الشوری/ ١١ .

توانایە و زانایە هەرچی بیەوێت ئەنجامی ئەدات، هەرچی حوکم و بڕیارێکیش بیەوێت ئەنجامی ئەدات، **{ أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ تَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ}** الاعراف٥٤.

یەکەمە لەپێش هەموو شتێك، کۆتایە پاش هەموو شتێك، دیارە لەسەرووی هەموو شتێکەوە... تاك و نەنها و بیّ هاوەڵە: **{ هُوَ الْأَوَّلُ وَالْآخِرُ وَالظَّاهِرُ وَالْبَاطِنُ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ }** الحدید ٣.

**بەشەکانی یەکتاپەرستی:**

- ئەو یەکخواپەرستنەی پێغەمبەران بانگەوازیان بۆ کردووە و لە کتێبە دابەزێنراوەکاندا هاتووە دوو جۆرن:

١- یەکەم: یەکخواپەرستن لە زانین و جێگیرکردندا، پێی دەوترێت یەکخواپەرستنی پەروەردگارێتی و ناو و سیفەتەکان، کە بریتییە لە جێگیرکردنی ڕاستی زاتی پەروەردگار و ئەنجامدانی یەکخواپەرستی لەڕووی ناو و سیفەت و کردارەکانی.

واتاکەی: بەندە دڵنیابێت و دان بەوەدا بنێت کە خوای گەورە خۆی پەروەردگارە و خاوەنە و هەڵسوڕێنەری گەردوونە، لەئەوپەڕی تەواوی و بیّ عەیبیدایە لە زات و ناو و سیفەت و کردارەکانیدا، زانایە لەهەموو شتێك و خاوەن موڵکە و توانا و دەسەڵاتی

بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، ناوی جوان و سیفەتی باڵا هەر بۆ خۆیەتی: **{ لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ }** الشورى ١١.

٢- دووەم: یەکخواپەرستن لەمەبەست و خواپەرستن و داواکردندا، پێی دەوترێت: یەکخواپەرستی خوایەتی و پەرستن، کە بریتی یە لە ئاراستەکردنی هەموو جۆرە پەرستنێك وەکو پاڕانەوە و نوێژ و ترس و ئومێد بۆ خوای گەورە.

واتاکەی: بەندە دڵنیابێت و دان بەوەدا بنێت کە خوای گەورە خۆی خاوەنی خوایەتی یە بەسەر هەموو درووستکراوەکانی، هەر خۆیشی شایستەی پەرستنە نەك هیچ کەسێکی تر، ڕەوا نیە هیچ جۆرە پەرستنێك وەکو پاڕانەوە و نوێژ و هاوار پێکردن و پشت بەستن بەخوا و ترس و ئومێد و قوربانی کردن و نەزرکردن و شتی لەو شێوە ئاراستە بکرێت بۆ هیچ کەسێك جگە لە خوای گەورە، هەرکەسێکیش ئەو کارە بکات هاوەڵی بۆ خوا بڕیار داوە و بێ باوەڕە، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: **{ وَمَنْ يَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آَخَرَ لَا بُرْهَانَ لَهُ بِهِ فَإِنَّمَا حِسَابُهُ عِنْدَ رَبِّهِ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ }** المؤمنون١١٧.

**حوکمی دانپێدانان بە یەکخواپەرستی:**

١- یەکتاپەرستنی خوایەتی و پەرستن زۆربەی خەڵکی نکوڵیان لێ کردووە، بۆیە خوای گەورە پێغەمبەرانی ڕەوانە کردووە بۆ خەڵکی و کتێبی بۆ ڕەوانە کردوون بۆئەوەی فەرمانیان پێ بکەن تەنها خوای گەورە بپەرستن و، واز بێنن لە پەرستنی جگە لەو.

٢- خوای گەورە دەفەرموێت: **{ وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رَسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ }** الأنبياء ٢٥.

٣- هەروەها فەرموویەتی: **{ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اُعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ...}** النحل ٣٦.

٤- پەرستنی پەروەردگاریتی، مرۆڤ دانی پێدادەنێ بەپێی فیترەت و تەماشاکردنی بۆ گەردوون، تەنها دانپێدانانیش بەس نیە بۆ باوەڕ هێنان بە خوای گەورە و ڕزگار بوون لە سزا، چونکە ئیبلیس و بتپەرستانی عەرەب دانیانپێدانا و هیچ کەڵکیشی بۆیان نەبوو، چونکە دانیان نەنابوو بە یەکتاپەرستی عیبادەت بۆ تەنها خوای گەورە.

بۆیە هەرکێ دان بنێ بە یەکتاپەرستنی پەروەردگاریدا بەتەنها، نە یەکتاپەرستە و نە موسوڵمانە، خوێن و ماڵیشی پارێزراو نابێت تاوەکو یەکتاپەرستی خوایەتی نەسەلمێنێت و، شایەتی (لا إله إلا الله) نەدات کە خوای گەورە هیچ هاوەڵێکی نییە و هەر تەنها خۆیشی شایەنی پەرستنە نەك هیچ کەسێکی تر و، وابەستە ببێت بە پەرستنی تەنها خوای پەروەردگار بەبێ هاوەڵ.

**یەکتاپەرستنی پەروەردگارێتی و خوایەتی وابەستەی یەکترن:**

١- یەکتاپەرستنی پەروەردگارێتی پەیوەستە بە یەکتاپەرستنی خوایەتی، بۆیە هەرکێ دان بنێ بەوەی خوای گەورە پەروەردگار و درووستکەر و خاوەن و ڕۆزیدەرە پێویست دەبێ لەسەری دانبنێت بەوەی کە جگە لە خوای گەورە کەس نییە شایستەی پەرستن بێت هەربۆیە ڕەوا نییە هاوار بکات یان پشت ببەستێت بە کەسێك جگە لە خوای گەورە، هیچ جۆرە پەرستنێکیش ئاراستەی کەس نەکات جگە لە خوای گەورە، هەروەها یەکتاپەرستنی خوایەتی وابەستەیە بە یەکتاپەرستنی پەروەردگارێتی، چونکە هەموو کەسێك خوای گەورە بپەرستێت و هاوەڵی بۆ پەیدا نەکات، بێ گومان باوەڕی وایە کە خوای گەورە پەروەردگار و درووستکەر و خاوەنێتی.

٢- پەروەردگارێتی و خوایەتی جاری واهەیە پێکەوە باس دەکرێن و جاری واش هەیە بە جیا، بۆیە لە واتاکانیاندا جیا دەبنەوە، بەواتای پەروەردگار و خاوەن و بڕیاردەر دێت واتە خوای پەروەردگاری ڕاستەقینە کە تەنها خۆی شایستەی پەرستنە نەك کەسی تر، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: **{ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ (١) مَلِكِ النَّاسِ (٢) إِلَهِ النَّاسِ }**.

٣- جاری واش هەیە بە جیا باس دەکرێت و لە واتاکانیدا یەك دەگرنەوە، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: **{ أَغَيْرَ اللَّهِ أَبْغِي رَبًّا وَهُوَ رَبُّ كُلِّ شَيْءٍ...}** ١٦٤ الأنعام.

**ڕاستی یەکتاپەرستی و ناوەڕۆکەکەی:**

ڕاستیەکەی ئەوەیە مرۆڤ پروانێتە هەموو شتەکان کە لە لای خوای گەورەوەیە و، بیری خۆی ببڕێت لەهەموو هۆکارێك جگە لە خوای گەورە، تەماشای چاکە و خراپە و سوود و زیان و شتی لەو شێوە بکات کە هەمووی لە لای خواوەیە و، تەنها ئەو زاتەش بپەرستێت و کەسی تر نەپەرستێت.

**بەرووبوومەکانی ڕاستی یەکتاپەرستی:**

تەنها پشت بەخوا بەستن و، وازهێنان لە سکاڵابردنە لای کەس جگە لەخوای گەورە و، لۆمەنەکردنی خەڵکی و، ڕازی بوون لەخوای گەورە و خۆشویستنی و ڕازی بوون بە بڕیاری و بەجوانی پەرستنی و پابەندبوون بە گوێڕایەڵی کردنی.

**فەزڵی یەکتاپەرستی:**

١- خوای گەورە دەفەرموێت: **{ الَّذِينَ آَمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ أُولَئِكَ لَهُمُ الْأَمْنُ وَهُمْ مُهْتَدُونَ }** الأنعام٨٢.

٢- لە عوبادەی کوڕی صامیت ڕەزای خوای لێبێت، پێغەمبەر درووودی خوای لەسەر بێت فەرموویەتی: ((مَنْ شَـهِدَ أَنْ لا إِلَـهَ إِلَّا اللّهُ وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لَـهُ، وَأَنَّ مُـحَـمّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُـهُ، وَأَنَّ عِيْسَـى عَبْدُ الله وَرَسُولُـه، وَكَلِـمَتُـهُ أَلْقَاهَا إِلَـى مَرْيَـمَ وَرُوحٌ مِنْـهُ، وَالجَنَّـةُ حَقٌّ، وَالنَّارُ حَقٌّ، أَدْخَلَـهُ اللهُ الجَنَّةَ عَلَى مَا كَانَ مِنَ العَمَلِ)) . متفق عليه.

**پاداشتی یەکتاپەرستی:**

١- خوای گەورە دەفەرموێت: **{ وَبَشِّرِ الَّذِينَ آَمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ كُلَّمَا رُزِقُوا مِنْهَا مِنْ ثَمَرَةٍ رِزْقًا قَالُوا هَذَا الَّذِي رُزِقْنَا مِنْ قَبْلُ وَأُتُوا بِهِ مُتَشَابِهًا وَلَهُمْ فِيهَا أَزْوَاجٌ مُطَهَّرَةٌ وَهُمْ فِيهَا خَالِدُونَ }** البقرە ٢٥.

٢- لە جابرەوە ڕەزای خوای لێبێت فەرموویەتی: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر درووودی خوای لەسەر بێت وتی: ئەی پێغەمبەری خوا چین ئەو دوو شتە کە پێویستن، پێغەمبەر درووودی خوای لەسەر بێت فەرمووی: (( من مات لا يشرك بالله شيئا دخل الجنة . ومن مات يشرك بالله شيئا دخل النار )) أخرجه مسلم.

واتە: هەرکێ لە دونیا دەرچێت و هاوەڵی بۆ خوا دانەنابێت دەچێتە بەهەشتەوە، هەرکێیش لە دونیا دەرچێت و هاوەڵی بۆ خوا دانابێت دەچێتە دۆزەخەوە.

**مەزنی وشەی یەکتاپەرستی:**

لە (عبد الله بن عمر بن العاص)ەوە ڕەزای خوای لێبێت: پێغەمبەر درووودی خوای لەسەر بێت فەرموویەتی: (( إن نبي الله نوحا عليه السلام لما حضرته الوفاة قال لابنه إني قاص عليك الوصية آمرك باثنتين وأنهاك عن اثنين آمرك بلا إله إلا الله فإن السموات السبع والأرضين السبع لو وضعت في كفة ووضعت لا إله إلا الله في كفة رجحت بهن لا إله إلا الله ولو أن السموات السبع والأرضين السبع كن حلقة مبهمة قصمتهن لا إله إلا

الله وسبحان الله وبحمده فإن بها صلاة كل شيء وبها يرزق الخلق وأنهاك عن الشرك والكبر ...)) أخرجه أحمد والبخارى فى الأدب المفرد ١٣٤

واته: پێغەمبەری خوا نوح سەلامی خوای لێبێت كاتێك سەرەمەرگی نزیك بوویەوە بە كورەكەی فەرموو: من ڕاسپاردەكەی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە، بە دووشت فەرمانت پێ دەكەم ، فەرمانت پێ دەكەم بە (لا اله إلا الله)، چونكە ئەگەر حەوت ئاسمانەكان و حەوت زەویەكان بخەنە تای تەرازوویەكەوە و (لا اله إلا الله)ش بخرێتە تایەكی ترەوە، تای (لا اله إلا الله) قورستر دەبێت، ئەگەر حەوت ئاسمانەكە و حەوت زەویەكەش ئەڵقەیەكی داخراو بوایە (لا اله إلا الله وسبحان الله وبحمده) دەیشكاندن چونكە ئەوە نوێژی هەموو شتێكە، هەر بەوەش خەڵكە ڕۆزی دەدرێن، هاوەڵ بۆ خوا پڕیاردان و لەخۆبایی بوونیشت لێ قەدەغە دەكەم.

**تەواوی یەكتاپەرستی:**

یەكتاپەرستی تەواونابێت بە پەرستنی خوای گەورە نەبێت بەبێ هاوەڵ پڕیاردان و خۆ لەتاغووت بەدوور گرتن، وەكو خوای گەورە دەفەرموێت: **{ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ}** النحل ٣٦.

**شێواز و سیفەتی تاغوت:**

(الطاغوت): هەموو شتێكە كە بەندە سنووری پێ ببەزێنێت لەڕووی پەرستراوێتی یەوە وەكو بت و سەرگەورە و زانای خراپ، یان سەركردە و سەرۆك و ناودارانی یاخی بوو لەپابەندبوون لە فەرمانەكانی خوای گەورە.

**تاغوتەكان زۆرن بەڵام سەرانیان پێنجن:**

ئیبلیس خوای گەورە بمانپارێزێت، كەسێكیش بەڕەزامەندی خۆی بپەرسترێت، یان كەسێك خەڵكی بۆ پەرستنی خۆی بانگ بكات، یان كەسێك بانگەشەی زانینی غەیب بكات، كەسێكیش كە حوكم بە شتێكی جگە لە قورئان بكات، خوای گەورە دەفەرموێت: **{ اللَّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُوا يُخْرِجُهُمْ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَوْلِيَاؤُهُمُ الطَّاغُوتُ يُخْرِجُونَهُمْ مِنَ النُّورِ إِلَى الظُّلُمَاتِ أُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ }** البقرة ٢٥٧.